# ڕەوشی زمانی کوردی لە وەرگێڕانی گوگڵدا

**م. د. محمد حسين احمد**

mohammed.kurdish@garmian.edu.krd

**بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان**

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠**

**پوختە**

یەکێک لە دەستکەوتە مەزنەکانی زمانی کوردی لە ساڵی (2022)دا و بە دیاریکراوی لە (2022/5/11)دا، زیادکردنی زمانی کوردی بوو لە تۆڕی وەرگێڕانی گوگڵ (Google Translate)دا، هەرچەندە بەردەوام چاککردنەوەی بۆ دەکرێت، بەڵام جۆرێتی/(کوالیتی)ی وەرگێڕانەکە، وەك هەموو زمانەکانی تری ناو تۆڕەکە (کە ژمارەیان (133) زمانە، لەگەڵ زارەکانیشدا دەبێتە 249 زمان و زار)، لە گرفت و کەموکورتی بەدەرنییە، چ لە ڕووی فەرهەنگ و ڕێزمانەوە، چ لە ڕووی واتا و پراگماتیکەوە، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە و لە لایەکەوە پەیوەندیی کێشەی ڕێزمانی و هەمەجۆریی زمانی و کلتورییەوە هەیە، لە لایەکی ترەوە پەیوەندیی بە خودی وەرگێڕانی ئامێرییەوە هەیە، کە وەرگێڕانی گوگڵ جۆرێکیانە.

لەم توێژینەوەیەدا پاش وەرگرتنی دوو دەقی بواری زمانەوانی (وەك مشتە/سامپڵی توێژینەوە)، هەوڵمانداوە گرفت و کەموکورتییە زمانییەکانی وەرگێڕانی (ئینگلیزی – کوردیی سۆرانی) بخەینەڕوو، بە ڕێژە و داتا گرفتی هەریەك لە لایەنەکانی (ڕێنووس، خاڵبەندی، وشەسازی و فەرهەنگ، ڕێزمان) دۆزراونەتەوە و پشکنین و ڕاڤەیان بۆ کراوە، دەرئەنجامەکان دەریانخستووە، کە زمانی کوردی لە وەرگێڕانی گوگڵدا (سەرەڕای کەمی تەمەنی) سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە، بەشێکی زۆری هەڵە و گرفتەکانیش دەکرێت چاکبکرێنەوە. لە کۆتاییدا ڕاسپاردە و پێشنیاز بۆ چارەسەری ڕێژەیی گرفتەکانی وەرگێڕانی (ئینگلیزی – کوردیی سۆرانی) خراونەتەبەردەست، کە خزمەتێکی بێوێنەی زمانی کوردی و هاوزمانان دەکات و دەتوانێت هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی جیهانی تەکنەلۆژیا و جیهانگیریدا هەنگاوبنێت. ئەمەش نزیکماندەکاتەوە لە یەکخستنی وشە و زاراوەکان و بەرجەستەبوونی ستاندەردکردنی زمانی کوردی.

**پێشەکی**

**ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەوشی زمانی کوردی لە وەرگێڕانی گوگڵدا) دەچێتە خانەی کۆزمانەوانییەوە. شوناس بوارێکی سەرەکیی کۆزمانەوانییە و زمانیش بنەمای هەرەگرنگی شوناسی هەر نەتەوەیەکە. ئەمڕۆ زمانی دیجیتاڵی و تەکنەلۆژی بوونەتە بەهێزترین هۆکاری زیندووهێشتنەوە و برەوپێدانی شوناسی هەر نەتەوەیەک. لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکەمان بۆ خزمەتی چاکسازیی زمانی کوردی لە بواری وەرگێڕانی گوگڵدا تەرخانکردووە.

(1-0) **هۆ و ئامانجی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** وەرگێڕان بەگشتی و وەرگێڕانی ئامێری بەتایبەتی، وەك پێویستییەکی گرنگی هەر نەتەوەیەك بایەخێکی مەزنی پەیداکردووە، بەڵام تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا (بەپێی زانیاریی توێژەر) وەك پێویست لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامنەدراوە، بەتایبەتی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی وەرگێڕانی گوگڵ (ئینگلیزی – کوردیی سۆرانی)، کە بەناوبانگترین و پێشکەوتووترین بەرنامەیە و بەم دواییانە زمانی کوردیی بۆ زیادکراوە. بۆیە ناونیشان و ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ڕەوش و دۆخی زمانی کوردی لە وەرگێڕانی گوگڵدا دەگرێتەوە.

(2-0) **میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی پەسنیی شیکاری پەیڕەوکراوە. بۆ شیکردنەوەی داتا کۆکراوەکان، پشت بە (شارەزایی و هەڵسەنگاندنی توێژەر و ڕاپرسی) بەستراوە.

(3-0) **مشتە/ سامپڵی توێژینەوەکە:** بریتییە لە دوو دەقی نووسین، کە لە دوو ماڵپەڕی جیاوازەوە وەرگیراون، (پاش کورتکردنەوە) هەر دەقێکیان لە (299) وشە پێکهاتوون.

(4-0) **کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوەکە بە پرسیارێك پەسندەکەین:

- ئایا وەرگێڕانی گوگڵ (ئینگلیزی – کوردیی سۆرانی) تا چەند سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی لە ڕووی (ڕێنووس و خاڵبەندی، یەکە واتاییەکان/فەرهەنگ، ڕێزمان) ڕەچاوبکات و وەرگێڕانێکی دروست و ڕوون بەرهەمبهێنێت؟

(5-0) **گریمانەی توێژینەوەکە:** گریمانەکەمان لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوە داڕێژراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- بەشێوەیەکی گشتی و سەرەڕای کەمی تەمەنی (کوردیی سۆرانی) لە وەرگێڕانی گوگڵدا، تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

(6-0) **ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا چەمك و پێناسەی وەرگێڕانی گوگڵ خراوەتەڕوو، هاوکات تایبەتمەندیی و کەموکورتییەکانی وەرگێڕانی گوگڵ پشتبەست بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان باسکراون، دواتر ئەو ستراتیژانە پێشنیازکراون، کە بۆ بەرهەمهێنانی وەرگێڕانێکی دروست پشتیانپێدەبەسترێت. بەشی دووەم لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە دەنوێنێت، کە بریتییە لە شیکردنەوەی زمانیی دوو دەقی نووسین (کە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون)، بە مەبەستی شیکردنەوە و پشکنینی زمانی و دۆزینەوەی هەڵە و کەموکورتییەکانی لایەنی (ڕێنووس و خاڵبەندی، یەکە واتاییەکان/فەرهەنگ، ڕێزمان)، هاوکات چاککردنەوە و ڕاستکردنەوەی پێویست پێشنیازکراوە.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**1) گرفتەکانی وەرگێرانی گوگڵ و ستراتیژەکانی چارەسەرکردنی**

**1/1) وەرگێرانی گوگڵ (چەمك و ناساندن)**

وەرگێرانی گوگڵ وەرگێرانێکی ئامێریی مۆدێرنە، کە لەلایەن کۆمپانیای گوگڵەوە وەرگێرانی دەقی نێوان زمانەکان و توانای وەرگێران بۆ (133) زمان لە سەرانسەری جیهاندا دابیندەکرێت. ئەم ئامرازە بۆ ڕێنماییکردنی ئاخێوەران و فێرخوازان لە ڕووی نووسین و خوێندنەوە و وشەسازییەوە بەکاردێت (Wirantaka, Andi , Fijanah, Mahdiana Syahri, 2021: 16). هەردوو توێژەر (Alhaisoni and Alhaysony) لە لێکۆڵینەوەکانیاندا وەرگێرانی گوگڵیان بەو شێوەیە پێناسە کردووە، کە (خزمەتگوزارییەکی وەرگێرانی ئامێریی فرەزمانی بێبەرامبەرە، کە لەلایەن گوگڵەوە بۆ وەرگێرانی (دەق، قسەکردن، وێنە، سایت، یان ڤیدیۆی هاوکات- ڕاستەوخۆ (real-time video) لەنێوان زمانەکاندا تەرخانکراوە. دەکرێت لە ڕێگەی ماڵپەڕ، یان بەرنامەی وەرگێرانەوە ڕاستەوخۆ بەکاربهێنرێت، تەنانەت دەتوانێت یارمەتی خوێندکارانی بیانی لە تێگەیشتنی دەقەکان بدات، یان ئەرکەکانیان بە زمانی ئامانج، یان بۆ گفتوگۆی ڕۆژانە، گەشتکردن، خوێندن، کار و پیشە، ... بەکاربهێنرێت) (Afiliani, A., Tanasale, I.O., & Rijoly, H. M. A., 2024: 96).

وەرگێرانی گوگڵ یەکێکە لە ئاشناترین وەرگێرانە ئامێرییەکان. بەپێی بۆچوونی (Komeili, Hendavalan, Rahimi) و زۆرێك لە شارەزایان، ئێستا وەرگێرانی گوگڵ بووە بەناوبانگترین وەرگێرانی ئامێری (Wirantaka, Andi , Fijanah, Mahdiana Syahri, 2021: 15 (Afiliani, A., Tanasale, I.O., & Rijoly, H. M. A., 2024: 96) (Ghasemi, Hadis & Hashemian, Mahmood, 2016: 13) (Chompurach, Wichuta, 2021: 24)، چونکە زیاتر لە (دوو سەد ملیار) وشەی تێدایە (Wirantaka, Andi , Fijanah, Mahdiana Syahri, 2021: 15)، زۆری ژمارەی بەکارهێنەران و ناوبانگی وەرگێرانی گوگڵ بۆ زۆری و فراوانی و جۆراوجۆریی خزمەتگوزارییەکانی دەگەڕێتەوە، کە بەکارهێنەران دەتوانن بەشێك یان تەواوی (ماڵپەڕەکان، پەیامەکانی ئیمێل، ژێرنووسی ڤیدیۆی یوتیوب، چات، ...) بۆ چەندین زمانی مەبەست وەربگێڕن (Chompurach, Wichuta, 2021: 24).

وەرگێرانی گوگڵ لە وەرگێرانی وشەکاندا کارپێکردنی سیستەمی "وشەبەوشە" بەکاردەهێنێت، تا لە ڕێگەیەوە هەندێک دەستەواژە و ئیدیەم وەربگێڕێت و جۆرێتیی وەرگێرانەکەی ڕێکبخات. (Grajales) باس لەوە دەکات، کە شۆڕشی وەرگێرانی گوگڵ لە ساڵی (2007)ەوە دەستپێکردووە، کاتێك گوگڵ ئەلگۆریتمە نوێکەی لەسەر بنەمای مۆدێلی ئاماری ڕاگەیاند، کە وردیی وەرگێرانەکەی باشتر دەکات و ڕێگەی پێدەدات لە نێوان ملیاران وشەی زۆرێک لە دەقەکاندا، کە لەلایەن دەقەکانی کۆکردنەوەی گوگڵەوە گەنجکراون فێرببێت (Amilia, I. K., & Yuwono, D. E., 2020: 4).

وەرگێرانی گوگڵ ئاماری دابەشکردنی وشە ئەگەرییەکان لە کۆمەڵەی دەقی دوو زمانەوە وەردەگرێت. جۆرێتیی وەرگێرانی گوگڵ بەندە بە ژمارەی دەقە وەرگێردراوەکانی مرۆڤ، کە لە ڕێگەی وەرگێرانی گوگڵەوە ئەنجامیانداوە. سەرەتا لەسەر بنەمای یاساکان بوو، پاشان پەیڕەوی لە SMT کرد، بە بەکارهێنانی مۆدێلی ئاماری بۆ دیاریکردنی وەرگێرانی وشە. SMT کۆمەڵەیەك لە دەقی دوو زمانەوە وەردەگرێت، کە داتابەیسێکی زانیاریی ڕستەکانی بە هەردوو زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانج لەخۆگرتووە. بۆ نموونە ئەگەر گریمانەی وەرگێرانی وشەیەکی وەک X بۆ Y 80% بێت، ئەوا Y وەک وەرگێرانی X هەڵدەبژێرێت. (Karami) پێیوایە وەرگێرانێکی ئامێریی وەک وەرگێرانی گوگڵ، سوود لە مۆدێلی ئاماری

وەردەگرێت و جۆرێتیی دەقە وەرگێڕدراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زانیارییانەی هەردوو زمانی سەرچاوە و ئامانج، کە لە پێواژۆی وەرگێڕاندا بۆ ئامێرەکە دابینکراون (Ghasemi, Hadis & Hashemian, Mahmood, 2016: 14).

زمانی کوردی لە (Google Translate)دا بە پلەی یەکەم چالاکە کاری باشی لەسەر کراوە و دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی بابەتە گشتییەکاندا، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا وەرگێڕانی گوگڵمان وەك بابەتی لێکۆڵینەوە هەڵبژاردووە.

**٢/1) جۆرێتیی وەرگێڕانی گوگڵ (لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەکانەوە)**

**٢/1-1) سوود و تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی گوگڵ**

وەك هەر داهێنانێکی تر، شارەزایان لە هەڵسەنگاندنی وەرگێڕانی گوگڵدا دوو تێڕوانین و ئاراستەی جیاوازیان هەیە، باسکردنی تایبەتمەندی و سوودەکانی وەرگێڕانی گوگڵ واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە کەموکورتی و گرفتی نییە، بەڵکو هەردوو لایەنەکە تەواوکەری یەکترن و بۆ پێشخستنی زیاتری بەرنامەکە کاردەکەن.

توێژەران (Afiliani, Tanasale, Rijoly) (2024) و (Maulida) (2017: 58-60) و ( Wirantaka & Fijanah) (2021) لە توێژینەوەکانیاندا ئاماژەیان بە چەند سوودێکی وەرگێڕانی گوگڵ کردووە:

1. وەک گەنجینە و فەرهەنگێکی ئۆنلاین کاردەکات.
2. بەخۆڕاییە و بۆ دەستپێڕاگەیشتن ئاسانە.
3. جۆرێتیی دەقی وەرگێڕدراو بەراورد بە وەرگێڕانەکەی خودی بەکارهێنەران، باشترە.
4. بەکارهێنەران بە یارمەتی وەرگێڕانی گوگڵ توانیان باشتر وەربگێڕن و باشتر لە بڕگەیەکی ئینگلیزی تێبگەن، هەروەها زانیاریی فەرهەنگیی زۆریان بەدەستهێنا.
5. بە بەکارهێنانی وەرگێڕانی گوگڵ، بەکارهێنەران هەستیان بە متمانەبەخۆبوون دەکرد.
6. وەرگێڕانی گوگڵ بۆ هەموو بەکارهێنەران هاوکار و یارمەتیدەر بوو، چ ئەوانەی ئاستی ئینگلیزییان باشە، چ ئەوانەی ئاستیان لاوازە.
7. لە ڕووی ئابووریکردن و گەنجکردنی کاتەوە بەسوودە، چونکە زۆر خێرایە و چەندین ڕستە و پارچە نووسین لە چەند چرکەیەکدا وەردەگێڕێت.
8. بە خۆڕاییە و بەکارهێنانی ئاسانە و دەکرێت لە هەموو بارودۆخێکدا لە ڕێگەی (کۆمپیوتەر، مۆبایل)ەوە بە شێوەی ئۆنلاین و ئۆفلاینیش بەکاربهێنرێت.
9. وەک پشکنینی ڕێنووس سوودی لێدەبینرێت.
10. دەتوانرێت بۆ وەرگێڕانی دەق و وێنە و دەنگ بەکاربهێنرێت. هەروەها بەکارهێنەران دەتوانن دەقێک وەربگێڕن بۆ وێنەیەک چونکە تایبەتمەندییەکانی snap and see بەردەستخستووە.
11. یەکێکە لە ئامرازە بەناوبانگەکانی فێربوونی زمانی بیانی، کە یارمەتی تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەقەکان و چۆنیەتیی نووسینەوە و گۆکردنیان دەدات.

بەپێی توێژینەوەیەکی (Lee)، کە وەرگێڕانــی گــوگڵی وەك ئامرازێـك بـۆ یارمەتیـدانی خوازیـارانی ئینگلیـزی (وەك زمــانی بیــانی) تــاقیکردووەتەوە، بۆیــدەرکەوتووە، کە وەرگێڕانــی گوگــڵ لە ڕووی وشەســازی و ڕێزمــان و دەربــڕینەوە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر نووسینەکانیان هەبووە و دەتوانێت یارمەتیـدەرێکی بەسـوود بێـت بـۆ فێربـوونی زمـان (Lee, S.-M., 2019) (Wirantaka, Andi, Fijanah, Mahdiana Syahri, 2021: 15).

(Sheppard)یش هەمـان دەرئەنجامەکـانی پێشـووی دووپـاتکردووەتەوە، بەتـایبەتی یارمەتیـدانی بەکـارهێنەران بـۆ تێگەیشتن و فێربوونی زمانەکانی تـر. ئەمەش هاوشـێوەی دەرەنجامەکـانی تـوێژینەوەکەی (Garcia and Pena)یە (بـڕوانە: Chompurach, Wichuta, 2021: 24).

جـگە لە تایبەتمەنـدییەکانی پێشـوو، (Wirantaka, Fijanah) وایـدەبینن، کە وەرگێڕانـی گوگـڵ وەك چارەسـەری کێشـەی ڕێزمـانی بەسـوودە (Wirantaka, Andi, Fijanah, Mahdiana Syahri, 2021: 15, 21). بـۆ پشـتگیریی ئەنجــامی توێژینەوەکەیــان، ئەنجــامی چەنــد تــوێژینەوەیەکی تــر دەخەنەڕوو، بە وێــنە (O'Neill) ســاڵی (2012) ئەوەی ڕایگەیاندووە، کە وەرگێڕانی ئۆنلاین بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران بەسوودە، چونکە دەتوانێت ڕێنـووس بپشـکنێت و هەڵەکـانی ڕێنــووس کەمبکــاتەوە. هەروەهــا (Gianetti) پێیــوایە وەرگێڕانــی گوگــڵ هەڵەی ڕستەســازی و واتاســازی لە نووســینی فێرخوازاندا کەمدەکاتەوە. هاوکات (Garcia & Pena)یش لەو باوەڕەدان، کە وەرگێڕانی گوگـڵ یـارمەتیی ئەو خوێنـدکارانە دەدات، کە ئاستیان (لە زمانێکی دیاریکراودا) لاوازە، بۆئەوەی بتوانن دەقـی درێژتـر دروسـتبکەن، یـان دەسـتەواژە و وشـە و دەربڕینی جۆراوجۆر و ئاڵۆزتر لە دەقەکانیاندا بەکاربهێنن. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێـت وەرگێڕانـی گوگـڵ وەک سیسـتەمێکی کاریگەر لە فێربوونی زماندا بەکاربهێنرێت (بڕوانە: Wirantaka, Andi , Fijanah, Mahdiana Syahri, 2021: 17).

ئەنجـامی تـوێژینەوەیەکی (Amilia, Yuwono) دەریخسـتووە، کە وەرگێڕانــی گوگـڵ ڕەنـگە بەسـوود بێـت بـۆ وەرگێڕانی وشە و دەسـتەواژە و ڕسـتە بە گشـتی، هەروەهـا تێگەیشـتنێکی گشـتیمان لە وەرگێڕانـی دەقـدا پێدەبەخشـێت. بەڵام ڕەنـگە بـۆ وەرگێڕانــی بەرهەمێکــی ورد، یــان ئیـدیەمەکان ئەنجـامێکی گونجـاو بەدەسـتەوەنەدات (Amilia, I. K., & Yuwono, D. E., 2020: 1)

تـوێژینەوەیەکی (Alsalem, Reem, 2019) بەو ئەنجـامە دەگـات، کە وەرگێڕانــی گوگـڵ پـاش دەسـتکاریکردن سوودبەخشە بۆ پەرەپێـدانی توانـای وەرگێـڕان لەلایەن خوێنـدکارانەوە، بەڵام هۆشـداری دەدات لە بەکارهێنـانی وەرگێـڕان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پێش دەستکاریکردن.

توێژینەوەیەکی (van Lieshout & Cardoso) (2022) توانا پێداگۆژیەکانی وەرگێڕانــی گوگـڵ وەک ئامرازێـک بـۆ یارمەتیـدانی فێربـوونی زمـانی دووەم -بەبـێ مامۆسـتا- (وشــە و دەسـتەواژە و فرێزەکـان، گـۆکردن، کارلێکەکـانی نێـوان فێرخواز و تەکنەلۆژیا)ی تاوتوێکرد. ئەنجامەکان ئاماژەیان بەوە کرد، کە: (ا) بەشداربووان توانیویانە وشەسازی و گۆکردنی هۆڵەندی لەسەر بنەمای کورتخایەن بەدەستبهێنن، (ب) فێرخوازان بە شـێوازی جیـاواز کارلێکیـان لەگەڵ وەرگێڕانــی گوگڵـدا کردووە، ئەمەش دەریخست، کە دەتوانرێت وەرگێڕانەکە لەلایەن ئەو فێرخوازانەوە بەکاربهێنرێت، کە ڕێبازی جیاوازیـان بـۆ فێربوون هەیە، بە واتایەکی تر وەرگێڕانی گوگڵ ئامرازێکی گشتگیرە و دەتوانرێت بە ئاسانی و بەپێـی پێداویسـتی و ئـارەزوو و شێوازی فێربوونی فێرخوازان دابڕێژرێت.

**2-٢/1) کەموکورتییەکانی وەرگێڕانی گوگڵ**

چەندین توێژینەوەی زانستی لە بارەی هەڵە و کەموکورتییەکانی وەرگێڕانی گوگڵەوە ئەنجامدراون. یەکەمین توێژینەوە لەم باوەیەوە لە لایەن (Rahmannia and Triyono) ساڵی (٢٠١٩) ئەنجامدرا، بە مەبەستی شیکاری هەڵەکانی چەند دەقێکی زمانی (ئینەدۆنیزی – ئینگلیزی). لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە، کە (٢٥) هەڵە لە وەرگێڕانی دوو ئارتیکڵی ماڵپەڕی (Kompas.com)دا هەبووە. ئەو هەڵانەش بریتیبوون لە: (سڕینەوە، زیادکردن، لادان، دەربڕینی واتا بە وشەی نەگونجاو) (Amilia, I. K., & Yuwono, D. E., 2020: 8-9).

(Sutrisno) لە توێژینەوەکەیدا (2020) ئاماژەی بە هەندێک لە کەموکوڕییەکانی وەرگێڕانی گوگڵ کردووە، لەوانە: (1) هەستێکی مرۆڤانەی بۆ داڕشتەکانی زمان کەمە، بۆیە هەندێک جار ئەنجامەکانی وەرگێڕان توانای گەیاندنی واتای ڕاستەقینەی نییە و زۆر جار لە وەرگێڕانی وشەی کلتوری (ئیندۆنیزی- ئینگلیزی) هەڵە دەکات. (2) بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باشی وەرگێڕان، پێویستە بەکارهێنەران گرنگی بە هەڵبژاردنی وشەکان و ڕێکخستنی ڕستە بەکارهێنراوەکان بدەن. ئەگەر وشە و ڕستەکان زمانی سەرچاوەوە بە باشی بۆ زمانی ئامانج ڕێکنەخرێنەوە، ئەنجامی وەرگێڕانەکە تێکەڵاو و هەڕەمەکی دەبێت. (3) هەندێک جار هەڵەی ڕێزمانی ڕوودەدات.

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکانی هەریەك لە (Sukkhwan, Wisdayansyah) دەرکەوتووە، کە وەرگێڕانی گوگڵ کەموکوڕیی هەیە و هەندێکجار کاریگەریی نەرێنی لەسەر تواناکانیان هەیە. (Chen) و (Mulyani and Afina) و (Murtisari) لە سێ لێکۆڵینەوەی جیاوازدا ئەنجامێکی تا ڕادەیەك هاوشێوەیان بەدەستهێنا، بۆیاندەرکەوت، کە بە گشتی ئەنجامەکانی وەرگێڕانی گوگڵ دروست نین، هاوکات وا لە فێرخوازان/بەکارهێنەران دەکەن، کە لە پێواژۆی وەرگێڕاندا تەمبەڵی بکەن و بە تەواوی وابەستەی وەرگێڕانی ئامێری ببن و خووی پێوەبگرن، هاوکات هەوڵی خۆیان بەکارنەهێنن. ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر بەرەوپێشچوونیان دەبێت (بڕوانە: Afiliani, A., Tanasale, I.O., & Rijoly, H. M. A., 2024: 98).

ئەنجامی توێژینەوەکەی (Josefsson) بەوە گەیشووە، کە وەرگێڕانی گوگڵ بە شێوەیەکی کاریگەر نەبووەتە چارەسەر بۆ گرفتی ڕێزمانی، هەروەك (Okpor)یش باسی لە گرفتی وەرگێڕانی ئیدیەمەکان کردووە، کە وەرگێڕانی گوگڵ نەیتوانیوە لەسەر بنەمای دەوروبەر وەریانبگێڕێت. (Lee)یش بە هەمان شێوە باسی لە گرفتی هەڵەی وشەیی و ڕستەی نارێزمانی کردووە (Lee, S.-M., 2019، هەروەها بڕوانە: Wirantaka, Andi, Fijanah, Mahdiana Syahri, 2021: 19).

هەڵسەنگاندنێکی تر بۆ لێکۆڵینەوە لە وەرگێڕانی گوگڵ لەلایەن (Bozorgian and Azadmanesh) پێشنیازکراوە, ئەویش دۆخی ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کردارە، توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە وەرگێڕانی گوگڵ لە وەرگێڕانی ڕستەی زمانی (ئینگلیزی – فارسی)دا، بەراورد بە وەرگێڕانی مرۆڤ، زۆر باش مامەڵە لەگەڵ ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کرداردا ناکات (Ghasemi, Hadis & Hashemian, Mahmood, 2016: 14).

(Amilia & Yuwono) (2020) لە توێژینەوەکەیاندا لێکۆڵینەوە و پشکنینیان بۆ وەرگێڕانی چیرۆکێك کردووە، کە نزیکەی (3) لاپەڕەیە و (996) وشەیە، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە، کە کۆی گشتیی هەڵەکانی وەرگێڕانی گوگڵ لە وەرگێڕانی ئەو دەقەدا (63) هەڵە بووە. دەرئەنجامەکان ئەوەشیان دەرخست، کە وەرگێڕانی گوگڵ نەیتوانیوە دەربڕینە

ئیدیەمییەکان بناسێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی هەڵەی گەورە و دیار لە دەقی زمانی ئامانجدا، بەهۆی جیاوازیی کلتورییەوە وشەی هەڵە و نابەرانبەر بەکارهاتووە، لە ئەنجامیشدا ڕستەی نالۆژیکی و وشە لە دەرەوەی دەوروبەری خۆی لە زمانی ئامانجدا بەرهەمهاتووە (بۆ زانیاریی لەبارەی ئیدیەمەکانی زمانی کوردی لە وەرگێرانی ئامێریدا، بڕوانە: عەبدوڵڵا، دلێر قادر، 2022 و ئەحمەد، بێستون حەسەن و عەبدوڵڵا، دلێر قادر، 2023). ئەوەش خراوەتەڕوو، کە وەرگێرانی گوگڵ ماوەیەکی زۆری دەوێت، تا بتوانێت وەرگێرانێکی هاوشێوەی جۆرێتیی وەرگێرانی مرۆیی پێشکەشبکات. وەرگێرانی گوگڵ لەسەر ڕستە/دەقەکان تەنها تێگەیشتنێکی گشتی دەدات، نەک وەرگێرانێکی واتادروست و ڕێزمانی.

ئەنجامی توێژینەوەکەی (Precup-Stiegelbauer) دەریخستووە، کە ناتوانرێت بەرهەمە خاوەکانی وەرگێرانی گوگڵ بۆ مەبەستی ئەکادیمی، یان فێربوونی زمان بەکاربهێنرێت، چونکە دەکرێت کێشە بۆ فێرخوازانی زمان و بەکارهێنەران دروستبکات. بەو پێیەی کۆمپیوتەر ناتوانێت هەندێک ئەرکی وشە بناسێتەوە. توێژینەوەکەی (Groves) و (Mundt)یش ئەنجامی توێژینەوەی پێشووی پشتڕاستکردووەتەوە و دەریخستووە، کە جۆرێتیی بەرهەمەکانی وەرگێرانی گوگڵ بێ هەڵە نییە. لە لایەکەوە وردیی وەرگێرانی تێدا نییە، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی وشە و پێکهاتەی ڕستەکاندا، هەندێک هەڵەی تێدایە، کە دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن. لە لایەکی دیکەوە دەتوانێت لە هەندێک بواردا ئەنجامی باشی هەبێت، وەك وردیی ڕێنووس و بەکارهێنانی جێناو و پێشبەندەکان (Chompurach, Wichuta, 2021: 26).

(Vidhayasai) و هاوکارانی لێکۆڵینەوەیان لە ماڵپەڕی فەرمیی هێڵێکی ئاسمانی کردووە، کە وەرگێرانی گوگڵیان بۆ وەرگێرانی بەڵگەنامە فەرمی و یاساییەکان لەنێوان زمانی (ئینگلیزی - تایلەندی)دا بەکارهێناوە، دەرکەوتووە، کە هەڵە لە سێ ئاستی سەرەکیدا ڕوودەدات: (وشەیی-فەرهەنگی، ڕستەسازی، گوتاری). هەڵەکان دەبنە هۆی تێنەگەیشتن، یان خراپ بەکارهێنانی مەرج و ڕێساکانی برینی بلیت، کە دەکرێت ببێتە هۆی لەدەستچوونی بلیت و زیانی گەورە بە سەرنشین بگات، لە ئەنجامیشدا کاریگەریی نەرێنیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی دروستدەکات، لە ڕووی سەلامەتی و پرسە یاساییەکان و متمانەی ڕای گشتییەوە. ئەمەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (Stymne) و بەشێکی زۆری توێژەرانە، کە پێیانوایە کەموکورتییەکی زۆر لە لایەنی ڕێزمانیی وەرگێرانی گوگڵدا بەدیدەکرێت، بەهۆی زانیاریی سنووورداری ڕێزمانییەوە بەرهەمی ناڕێزمانی لێدەکەوێتەوە، چونکە پشت بە مۆدێلی زمانی سەرچاوە بۆ بەرهەمهێنانی دەقەکانی زمانی ئامانج دەبەستێت، بەبێ ئەوەی پاشخانی زمانی ئامانج ڕەچاوبکرێت. ئەوەش تێبینیکراوە، کە وەرگێرانی گوگڵ ئارەزووی ڕێبازێکی وەرگێران دەکات لەسەر بنەمای وەرگێرانی (وشەبەوشە)، بەبێ ئەوەی هیچ گرنگییەك بە لایەنی دەوروبەر بدات، ئەمەش هۆکاری تێکچوونی ڕستەسازییە (Vidhayasai, Tya et al, 2015).

لێکۆڵینەوەکانی (Bahri and Mahadi) دەریخست، کە دەتوانرێت وەرگێرانی گوگڵ وەک ئامرازێکی تەواوکەر بەکاربهێنرێت. زۆربەی بەشداربووانی توێژینەوەکە وەک ئامرازێکی تەواوکەری کاریگەر بۆ فێربوونی وشەی فەرهەنگی، نووسین، خوێندنەوە لە وەرگێرانی گوگڵیان ڕوانیوە، تەنها ئەوە نەبێت، کە بۆ فێربوونی لایەنە ڕێزمانییەکان هاوڕا نەبوون (Chompurach, Wichuta, 2021: 26).

سەبارەت بە کاریگەریی و ڕۆڵ و جۆرێتیی وەرگێرانی ئامێری (وەرگێرانی گوگڵ) لەسەر (زمانی کوردیی سۆرانی)، "بەپێی زانیاریی توێژەر" تەنها چەند لێکۆڵینەوەیەکی کەمی لەبارەوە ئەنجامدراوە، یەکێك لەو کارانەش ماستەرنامەکەی (دلێر قادر)ە, کە ساڵی (2022) تاوتوێکراوە و تایبەتە بە گرفتی وەرگێرانی دەربڕینە چەسپاوەکانەوە

(ئیدیەم، پێکەوەهاتووەکان، میتافۆر، پەند)، دەرئەنجامی نامەکە بەوە گەیشتووە، کە وەرگێڕانی ئامێری توانای وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکانی نییە. بە بۆچوونی ئێمە ئەمە دەرئەنجام و دۆزینەوەیەکی نوێ نییە و بۆ هەموو زمانەکان هەمان دەرئەنجام بەدەستدێت (وەك لە دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوودا خرایەڕوو)، چونکە خودی سروشتی دەربڕینە چەسپاوەکان وا دەخوازێت، کە مۆرکی نەژادی و کلتوری و زمانیی نەتەوەیەکی هەڵبگرێت و زۆرجار (نەك وەرگێڕانی ئامێری)، وەرگێڕانی مرۆییش بە تەواوی دەسەڵاتی بەسەریدا ناشکێتەوە، بۆیە وا گونجاوتر بوو لێکۆڵینەوە لەبارەی کێشە زمانییە بنەڕەتییەکانی وەك (ڕێنووس، دەنگسازی، وشەسازی، ڕێزمان، واتاسازی، پراگماتیك) ئەنجامبدرایە و پێشنیازی چارەسەری پێویست بکرایە.

**٣/1) ستراتیژەکانی پشکنینی وەرگێڕانی گوگڵ**

وەرگێڕانی گوگڵ وەك هەر وەرگێڕانێکی تری ئامێری، هەڵە و کەموکورتیی تێدا ڕوودەدات، بە جۆرێك وەرگێڕانەکەی بۆ ڕستە/دەقەکان تەنها تێگەیشتنێکی گشتی بەدەستەوەدەدات، نەک وەرگێڕانێکی واتادروست و ڕێزمانی. بۆیە ناتوانرێت وەک وەرگێڕێکی لێهاتوو و پیشەیی پشتیپێبەسترێت و هێشتا جۆرێتیی وەرگێڕانەکەی بە ئاستی جۆرێتیی وەرگێڕانی مرۆڤ ناگات. بۆئەوەی بەرهەمێکی وەرگێڕانی گونجاو بەدەستەوەبدات، پێویستە پێداچوونەوەی مرۆیی بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان ئەنجامبدرێت (Amilia, I. K., & Yuwono, D. E., 2020: 4).

چەند ستراتیژێك بۆ بەکارهێنانی وەرگێڕانی گوگڵ باسکراون، کە تێگەیشتنی بەکارهێنەران لە خوێندنەوە و نووسیندا باشتر دەکەن، هاوکات دەبنە هۆی چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان و دەستخستنی ئەنجامێکی گونجاو و کاریگەری وەرگێڕان (Zulkifli, 2019: 8) (Wirantaka, Fijanah, 2021: 19-21) (Afiliani, A., Tanasale, I.O., & Rijoly, H. M. A., 2024: 98):

**1. دەستکاریکردنی پێشوەختە (pre-editing):** پێداچوونەوە و دڵنیابوونە لەوەی زمانی سەرچاوە لەڕووی ڕێزمانەوە تەواو و بێ هەڵەیە، تاکو بۆ زمانی ئامانج وەربگێڕدرێت، چونکە ئەگەر هەڵەیەک لە دەقی زمانی سەرچاوەدا ڕوویدات، لە دەقی وەرگێڕانەکەشدا بەهەمان شێوە هەڵە ڕوودەدات. هەروەها پێویستە لەوە دڵنیاببینەوە، کە زمانی سەرچاوە زمانی ستانداردی بەکارهێناوە (نەک وشە و دەربڕینە ناوچەیی و ناستانداردەکان)، چونکە وەرگێڕانی گوگڵ زیرەکیی دەستکردە و ئەلگۆریتمێکی بنچینەیی لەسەر بنەمای زمانی ستاندارد بۆ دانراوە، هەرکات دەقی زمانی سەرچاوە ناستاندارد، یان هەڵە بێت، بەرهەمی وەرگێڕانەکەش بەهەمان شێوە هەڵە دەبێت.

**2. دەستکاریکردنی پاش وەرگێڕان (post-editing)**: واتە پشکنین و ڕاستکردنەوەی ئەنجامی وەرگێڕانی گوگڵ، بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە چوارچێوە و دەوروبەری زمانی ئامانج بەپێی زمانی سەرچاوە گونجێنراوە، بە واتایەکی تر پێویستە بەکارهێنەران دەقی وەرگێڕانەکە بخوێننەوە، بۆئەوەی بزانن واتای دەقە وەرگێڕدراوەکە بۆ زمانی ئامانج لەگەڵ زمانی سەرچاوەدا دەگونجێت، یان نا. چونکە وەرگێڕانی گوگڵ ناتوانێت لەو مەبەست و هەستە تێبگات، کە ئێمە دەمانەوێت، بۆیە دەبێت دووبارە ئەنجامی وەرگێڕانەکە لە ڕووی ڕێزمان، هەڵبژاردنی وشە و دەربڕینەکان، ... بپشکنرێن.

**3. بەکارهێنـانی بـژاردەی گونجـاو (selective used):** واتە هەڵبژاردنـی ئەو وشـانەی، کە لەگەڵ دەوروبەری بـابەت و نووسـینەکەدا دەگونجێـت. پێویسـتە پێـداچوونەوە بە ئەنجـامی وەرگێرانـی ڕێزمانیشـدا بکرێـت، چـونکە بەگشـتی ئەنجـامی وەرگێرانی گوگڵ لە ڕووی ڕێزمانییەوە لاوازە، بۆیە دەبێت خوێندکاران ئەنجامەکان بپشکنن و پشتڕاستیبکەنەوە.

**4. بەکارهێنانی وەرگێرانی گوگڵ وەك وەرگێرانی بەشەکی (partial translation):** جگە لە ئەنجامـدانی دەسـتکاریکردنی پێشوەختە و دەستکاریکردنی پاش وەرگێران، دەکرێت وەرگێرانی گوگڵ بە شێوەی بەشەکی بەکاربهێنرێت، نەك بۆ وەرگێرانی ڕستە و دەقی درێژ. وەرگێرانی گوگـڵ بـۆ وەرگێرانـی وشـەی فەرهەنگـی یارمەتیـدەرە، چـونکە هەنـدێک وشـە دەوروبەری بەکارهێنـانی خۆیـان هەیە. بـۆیە باشـتر وایە واتـای وشـەکە بـدۆزرێتەوە، پاشـان بخـرێتە نـاو ڕسـتەکانەوە. بەم شـێوەیە بەکارهێنەران فێـری ئەوە دەبـن، کە چـۆن وشـەکان لە ڕسـتەدا بەکـاربهێنن و چـۆن پەیوەسـت بە دەوروبەرە جیاوازەکـانیەوە تێبگەن. (Alhaisoni and Alhaysony) لە توێژینەوەیەکیاندا ئەنجامێکی هاوشـێوەیان بەدەسـتهێناوە، بـاس لەوە دەکەن، کە ستراتیژی کاریگەر لە وەرگێرانی گوگڵدا بریتییە لە وەرگێرانی تاکە وشە. لە لایەکی دیـکەوە (Chandra and Yuyun)یـش پێیـانوایە بەکارهێنـانی وەرگێرانـی گوگـڵ بـۆ وەرگێرانـی تـاکە وشـە، بەرهەمـی وەرگێـڕانەکە باشـتر دەکـات، بەراورد بە وەرگێرانی تەواوی ڕستەکان.

پشتبەسـت بە دەرئەنجـامی توێژینەوەکەیـان (Afiliani, Tanasale, Rijoly) (بـڕوانە: 2024: 106-107) چەنـد پێشـنیازێکیان بـۆ چارەسـەرکردنی کەموکورتییەکـانی وەرگێرانـی گوگـڵ خسـتووەتەڕوو، لەوانە: (1) پێویسـتە مامۆستایان/شـارەزایان فێرخوازەکانیـان ڕابهێـنن، کە چـۆن وەرگێـڕانەکە بە شـێوەیەکی کـاریگەر بەکـاربهێنن و پـێش بەکارهێنـانی، گرنگـی بە هەڵبژاردنـی وشـە و دەسـتەواژەی دروسـت بە زمـانی سـەرچاوە بـدەن و هەمیشـە پشـکنینی پـاش وەرگێران ئەنجامبدەن. (2) لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو دەتوانن کار لەسەر وەرگێرانی گوگڵ بکەن، بە مەبەستی وەرگێرانـی پەنـد و ئیدیەمەکان لەسەر بنەمای دەوروبەر و کلتور، هاوکات بەراوردی واتا وەرگێردراوەکان بکەن.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، بەرهەمە خاوەکانی وەرگێرانی ئـامێری تـاڕادەیەک لاواز بـوون، بەتـایبەتی لە ئاسـتی ڕستە و پەرەگرافدا. بە پێی توێژینەوەکەی (Chompurach) (26 :2021) یەکێـک لە ڕێگـا کاریگەرەکـان بـۆ باشـترکردنی جۆرێتیی وەرگێران، دەستکاریکردنی پاش وەرگێرانە.

بەشێك لە زانایان "دەستکاریکردنی پاش وەرگێران"یان بۆ دوو ئاست دابەشـکردووە (Chompurach, Wichuta, 2021: 26):

1. دەسـتکاریکردنی کەمـی پـاش وەرگێـڕان (Light PE): وەرگێـڕ سـەرنج دەخـاتە سـەر ئەوەی، کە لە دەرئەنجـامی وەرگێرانەکە تێبگات، واتە دەبێت دەقەکە واتادار بێت و هەڵە وشەسازی و ڕستەسازییەکان چارەسەربکرێن. ڕاسـتکردنەوەکە هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانیی دیار دەگرێتەوە، هەروەها دووبـارە نووسـینەوەی ڕسـتە تەمومژاوییەکـان و سـڕینەوەی وشـەی زیادەش دەگرێتەوە.

2. دەستکاریکردنی تەواوی پاش وەرگێڕان (Full PE): دەستکاریی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکە دەکرێت، تا ئاستی جۆرێتیی وەرگێڕانی مرۆیی، بە واتایەکی تر نابێت جۆرێتیی وەرگێڕانەکە لە وەرگێڕانی مرۆڤ جیاواز بێت. لەم ئاستەدا پێویستە هەموو هەڵە وردەکانیش ڕاستبکرێنەوە.

هەمەجۆریی ڕەگەز و چەمك و شێوازە زمانییەکان ئەرکی وەرگێڕانی بە تەواوی قورسترکردووە، بۆیە هەمیشە وەشانەکانی وەرگێڕان هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتە دەرکەوتووەکانی وەرگێڕان دەدەن. بۆ وەرگێڕانی هەر دەقێك پێویستە ڕەچاوی ئەو پێنج خاڵە بکرێت، کە (Dickins) و هاوکارانی دەستنیشانیانکردووە، چونکە هەریەکەیان بە جۆرێك کاریگەریی لەسەر واتای دەقە وەرگێڕدراوەکە دەبێت (Hadla, Laith Salman, 2019: 47): (1) ژانر: پەیوەندیی بە ئەدەب و فەلسەفە و بیرکردنەوە و ئاینەوە هەیە. (2) کلتور: پەیوەندیی بە ئیدیەم و چیرۆکی کلتوری و پەندەوە هەیە. (3) واتاسازی: پەیوەندیی بە چەمکی هاوواتا و پێکەوەهاتن و میتافۆرەکانەوە هەیە. (4) فۆرم: پەیوەندیی بە ئاستەکانی نووسین و ڕستە و ڕێزمان و ئاماژەکانەوە هەیە. (5) هەمەجۆری: پەیوەندیی بە زار و شێوەزار، زاری کۆمەڵایەتی، شێوەکانی دووانەوە هەیە.

## 2) پشکنینی زمانیی وەرگێڕانی گوگڵ (ئینگلیزی – کوردیی سۆرانی)

هیچ وەرگێڕانێکی ئامێری و تەنانەت وەرگێڕانی "مرۆیی"ش بێ هەڵە و کەموکورتی نابێت، "Corder" یەکەم کەس بوو، کە ساڵی (1974) لێکۆڵینەوەی لە شیکاری هەڵە "error analysis " کرد. (Keshavarz) شیکاری هەڵەی بە: (کۆکردنەوەی نموونە، دەستنیشانکردنی هەڵەکان، پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندنیان) پێناسەکردووە و لە ڕووی زمانییەوە هەڵەکانی بەسەر چوار گرووپی سەرەکیدا دابەشکردووە (بڕوانە: Ghasemi, Hadis & Hashemian, Mahmood, 2016: 13): (1) هەڵەی ڕێنووسی، (2) هەڵەی فۆنۆلۆژی، (3) هەڵەی فەرهەنگی-واتاسازی "lexicosemantic "، (4) هەڵەی مۆرفۆلۆژی-ڕستەسازی.

لەم توێژینەوەیەدا تەنها لە وەرگێڕانی (ئینگلیزی – کوردیی سۆرانی) دەکۆڵینەوە، بە مەبەستی زیاتر وردبوونەوە و قووڵبوونەوە لە باسەکەدا، تەنها پشکنینی لایەنی (ڕێنووس، خاڵبەندی، واتاسازی/فەرهەنگی، ڕێزمان) وەك نموونە وەرگیراون.

### 1/2) لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە

1-1/2) مشتەی توێژینەوەکە: لەم بەشەدا بە مەبەستی دۆزینەوەی هەڵە و کەموکورتییە زمانییەکانی وەرگێڕانی گوگڵ (ئینگلیزی – کوردیی سۆرانی) و خستنەڕووی چارەسەری پێویست، دوو دەقی نووسین (بە کورتکراوەیی) لە دوو ماڵپەڕی جیاوازەوە وەرگیراون:

یەکەمیان بابەتێکی زانستیی بواری (زمانەوانی)یە، لە ماڵپەڕی (https://www.inf.ed.ac.uk/teaching/courses/hc1/l2notes_levels.html) بە ناونیشانی ( Some notes on levels of representation of language) وەرگیراوە.

دووەمیشیان بابەتێکی گشتییە و گفتوگۆیە لەگەڵ پسپۆڕێکی زمان، لە ماڵپەڕی (https://www.britishcouncil.vn/en/english/primary/tips/what-age-should-our-kids-start-learning-

sjh@univsul.edu.iq

Teaching foreign languages, especially English, to children at ) بە ناونیشـانی (a-foreign-language kindergarten age is an issue that is of great concern to Vietnamese parents) وەرگیراوە.
ژمــارەی وشــەکانی هەریەك لە دەقە **ئینگلیزییەکــان** (پــاش کــورتکردنەوە و پــوختکردنەوە)، بە مەبەســتی هاوتــاکردن و بەراوردکردنیان، لە (299) وشـە پێکـدێن. بەڵام لە دەقـی وەرگێـڕدراوی کوردیـدا دەقـی یەکەم بـووە بە (266) وشـە و دەقـی دووەمیش بووە بە (273) وشە.

### 2-1/2) تەکنیکی کۆکردنەوەی داتاکان:

شێواز و تەکنیکی کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە ئامارییە، هەوڵدراوە ئەو هەڵە و کەموکورتییـانە دیاریبکرێـت، کە لە هەردوو دەقی وەرگێڕدراوی (ئینگلیزی – کوردیی سۆرانی)دا وەك مشتەی تـوێژینەوەکە وەرگیـراون. ئەم تـوێژینەوەیە "شـیکاری هەڵە"ی وەک هەڵسـەنگاندنێکی مرۆیـی بەکارهێنـاوە بـۆ پشـکنین و دۆزیـنەوەی هەڵەکـان. بـۆ پشتڕاسـتکردنەوە و سەلماندنی زیاتری دەرئەنجامی شیکردنەوەکان، ڕاپرسییەك ئەنجامدراوە و (32) بەشداربوو بۆچوونی خۆیان لەسەر هەردوو دەقەکە دەربڕیوە و جەختیان لەسەر هەمان شیکردنەوەی توێژەر کردووەتەوە.
بۆ بەرچاوڕوونی لەسەر شێوازی کۆکردنەوەی داتاکان، پێویستە بزانین، کە:
ا. دووبارەبوونەوەی "وشە و دەربڕینە هەڵەکان" لە دەقەکاندا هەژمارکراون، بۆ نموونە زاراوەی (دوو زمانەوانی) دوو جـار لە دەقی دووەمدا دووبارەبووەتەوە، بە "دوو هەڵە" هەژمارکراوە.
ب. زاراوەکـانی وەك: (پرۆسـە، مانـا، سـەقف، ...)، کە لە زمـانی کوردیـدا ڕۆیشـتوون، بەڵام دەربڕینـی بیـانیی ناپێویسـتن و بەرانبەریان لە زمانی کوردیدا هەیە، دیسان بە "هەڵە"، یـان "کەموکـورتی" هەژمـارکراون و زاراوەی کـوردیی پەتییـان بـۆ پێشنیازکراوە.
پ. هەنـدێك لە دەربڕینەکـان زیـاتر لە هەڵەیەکیـان تێـدایە، ئەوانەش بە هەڵەی جیـاواز تۆمـارکراون، بـۆ نمـوونە هەریەك لە دەربڕینەکانی (شیکاری دەکرێت، دوو زمـانەوانی، ...): دوو هەڵەیان تێـدایە، یەکەمیـان هەڵەی ڕێنووسـە، کە پێویسـتە پـێکەوە بنووسرێن. دووەمیان خودی زاراوەکان گونجاو نین (ئەمەش هەڵەی واتایی/ فەرهەنگییە)، لەبـری ئەوە، ڕاسـتتر وایە بڵێـین: (شیدەکرێتەوە، جووتزمانی).

### 3-1/2) ڕێکارەکانی شیکردنەوەی داتاکان:

لە هەردوو دەقــی مشــتەی تــوێژینەوەکەدا کەموکورتییەکــانی وەرگێــڕان لە ڕووی (خاڵبەنــدی، ڕێنــووس، واتــا (فەرهەنــگ)، ڕێزمــان)ەوە دۆزراونەتەوە و لە خشـتەی تایبەتـدا خـراونەتەڕوو، پاشـان ڕێـژەی هەڵەکـانی هەردوو دەقەکە بەراوردکـراوە، بە مەبەسـتی زانینـی جـۆرێتیی وەرگێرانـی گوگـڵ لەگەڵ جـۆری بـوار و بابەتەکانـدا: (بـابەتی زانسـتی – زمانەوانی)، (بابەتی گشتی). هاوکات ڕاپرسییەکیش ئەنجامدراوە.

**2/2) پشکنین و شیکردنەوەی هەڵە و کەموکورتییەکان:**

بە مەبەستی سنووردارکردن و قووڵبوونەوەی زیاتر، تەنها لە لایەنی (ڕێنووس و خاڵبەندی، واتای فەرهەنگی، ڕێزمان) کۆڵراوەتەوە و پشکنینی زمانی و زانستیی بۆ کراوە. بۆ بەرچاوڕوونی، هەڵەکانی (ڕێنووس، فەرهەنگی) لە دەقی یەکەم و دووەمدا بە ڕەنگی سوور دیاریکراون (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە 1، ٢). هەڵەی خاڵبەندییش بە هایلایتی ڕەنگی زەرد دیاریکراوە، بەم شێوەیە: (،).

2/2-1) هەڵەی ڕێنووس:

هەڵەکانی ڕێنووس زیاتر لە لێکجیاکردنەوە و بەجیانووسینی بەشەکانی وشەی لێکدراو (بەتایبەتی کرداری لێکدراو)دا ڕوویداوە (بڕوانە خشتەی: 1 و 2)، بە جۆرێك لە خشتەی یەکەمدا لە کۆی (11) هەڵە، (6)یان بەو هۆیەوە بووە. هەڵەکانی تر لە وشەکانی (فۆنێم[1]، فۆنێتیك(3×)، مۆرفۆلۆژیا)دا دەردەکەوێت، چونکە زاراوە زمانەوانییەکانی وەك (فۆنیم، فۆنەتیك، مۆرفۆلۆژی/مۆرفۆلۆجی) ماوەیەکی زۆرە بەکاردەهێنرێن و بەو شێوەیە ڕۆیشتوون. ئەوەی جێی سەرنجە، لە سێ شوێنی جیاوازدا زاراوەی (مۆرفۆلۆژی) بەکارهاتووە: دوو جاریان بە (مۆرفۆلۆژی)، (1) جاریش بە (مۆرفۆلۆژیا) هاتووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە هەردوو زاراوەکە خراوەتە سیستەمەوە، بەڵام بەپێی دەوروبەر هەر جارێك یەکێکیان پەسەندکراوە.

| ز | بە زمانی ئینگلیزی | هەڵەی ڕێنووس | ڕاستکردنەوە/ پێشنیازکراو |
|---|---|---|---|
| .1 | thought to | بیر بکرێتەوە | بیربکرێتەوە |
| .2 | Describe | وەسف بکرێت | وەسفبکرێت/ پەسنبکرێت |
| .3 | it is analyzed | شیکاری دەکرێت | شیکاریدەکرێت/ شیدەکرێتەوە |
| .4 | Phoneme | فۆنێم | فۆنیم |
| .5 | is analyzed | شی دەکرێتەوە | شیدەکرێتەوە |
| .6 | Phonetics | فۆنێتیک (3×) | فۆنەتیك |
| .7 | we produce them | بەرهەمیان دەهێنین | بەرهەمیاندەهێنین |
| .8 | Consider | لەبەرچاو بگرن | لەبەرچاوبگرن/ ڕەچاوبکەن |
| .9 | Morphology | مۆرفۆلۆژیا | مۆرفۆلۆژی |

خشتەی (1) هەڵەی ڕێنووس لە دەقی یەکەمدا

زۆرینەی هەڵەکانی ڕێنووس لە دەقی دووەمیشدا هاوشێوەی دەقی یەکەم، لە لێکجیاکردنەوەی وشە لێکدراوەکاندا ڕوویداوە، لە کۆی (13) هەڵە، (11) هەڵەیان بەو هۆکارە بووە، تەنها وشەی (جددی×2) نەبێت، کە دوو جار بەکارهاتووە و لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا پیتی /د/ دووبارەکراوەتەوە، چونکە خودی وشەکە لە عەرەبییەوە خوازراوە و لە زمانەدا بەم شێوەیە دەنووسرێت: (جدّي)، لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی وشەی (شێلگیر)یشی لە بەرانبەردا بەکاردێت، بەڵام ئەگەر

[1]- لە بەشێك لە سەرچاوە کوردییەکاندا بەم شێوەیە نووسراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو گۆکردنە هەڵەیە و ڕاستەکەی بریتییە لە: (فۆنیم).

sjh@univsul.edu.iq

زاراوە خوازراوەکە بەکارهات، ئەوا دەخرێتە ژێر سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردییەوە و بەو شێوەیەش دەنووسرێتەوە، کە بەکاردەهێنرێت، نەك تەواوی "سەر، بۆر، توندکردنەوە، ..." لەگەڵ وشەکەدا بهێنرێتە ناو زمانی کوردییەوە.

| ز | بە زمانی ئینگلیزی | هەڵەی وەرگێران | ڕاستکردنەوە |
|---|---|---|---|
| .1 | Parents | دایک و باوکان (3×) | دایکوباوکان/ دایباب |
| .2 | has been spent | خەرج کراوە | خەرجکراوە |
| .3 | Separate | جیا بکرێتەوە (2×) | جیابکرێتەوە |
| .4 | Serious | جددی (2×) | جدی/ شێلگیر |
| .5 | Perform | ئەنجام بدەن | ئەنجامبدەن |
| .6 | Could you share…? | دەتوانن...باس بکەن؟ | دەتوانن...باسبکەن؟ |
| .7 | Bilingualism | دوو زمانەوانی (2×) | جووتزمانی |
| .8 | have grown up | گەورە بوون | گەورەبوون |

خشتەی (2) هەڵەی ڕێنووس لە دەقی دووەمدا

**2-2/2) هەڵەی خاڵبەندی:**

هەڵەکانی خاڵبەندی زیاتر لە بەکارنەهێنانی "فاریزە"دا ڕوویداوە، لەو شوێنانەی، کە پێویستە فاریزەی بۆ دابنرێت، ئەمەش زیاتر پەیوەندیی بە درووستەی هەردوو زمانەوە هەیە، چونکە لە زمانی کوردیدا لەنێوان بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆزدا (ڕستەی سەرەکی، ڕستەی شوێنکەوتوو) زۆرجار "فاریزەیەك" پێشی مۆرفیمە لێکدەرەکانی وەك: (کە، چونکە، بەڵام، ...) دەکەوێت، کە مەرج نییە لە زمانێکی تردا بەو شێوەیە بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوودانی هەڵەی خاڵبەندی، وەك لە دەقی یەکەمدا دیارە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 1، کە بە ڕەنگی زەرد دیاریکراوە، بەم شێوەیە: (،)).

لە کۆی (13) هەڵەی خاڵبەندی، (10) هەڵەیان بەهۆی بەکارنەهێنانی فاریزەوە بووە لە شوێنی گونجاوی خۆیدا، تەنانەت سەرجەم هەڵەکانی خاڵبەندیی دەقی دووەم (کە ژمارەیان پێنج هەڵەیە) بەهۆی بەکارنەهێنانی فاریزەوە بووە لە شوێنی گونجاوی خۆیدا.

جگە لە گرفتی فاریزەدانان، لە دەقی یەکەمدا دوو جۆری تری هەڵە ڕوویداوە، وەك:

1. جووتخاڵ (:) لە شوێنی گونجاوی خۆی دانەنراوە، لەبری ئەوە خاڵ (.) دانراوە. (2 جار ڕوویداوە)
2. دانەنانی خاڵ (.) لە کۆتایی ڕستەی هەواڵیدا. (1 جار ڕوویداوە)

ئەوەی جێی سەرنجە، بە بەراوردکردنی هەردوو دەقە ئینگلیزی و کوردییەکە، بۆماندەرکەوت، کە هەڵەی خاڵی (1)ی سەرەوە بە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەقە ئینگلیزییەکە ڕوویداوە، بەڵام دانانی خاڵ لەو شوێنەدا بۆ زمانی ئینگلیزی

sjh@univsul.edu.iq

درووستە و کورتکراوەی وشەی "بۆ نموونە"یە و بەو شێوەیە دەنووسرێت (e.g.)، کەچی لە دەقە وەرگێڕدراوە کوردییەکەشدا بە هەمان شێوە "خاڵ" دانراوە.

- بۆ نموونە. (ڕاستەکەی: بۆ نموونە: )

لە خاڵی (2)یشدا دیسان بە هۆی هەڵەی خاڵبەندیی دەقە ئینگلیزییەکەوە بووە، کە لە کۆتایی ڕستەی هەواڵی دەقە ئینگلیزییەکە "خاڵ" دانەنراوە.

نموونەی سەرەوە و نموونەکانی پێشووتریش سەلمێنەری ئەوەن، کە وەرگێڕانی گوگڵ بە تەواوی زمانی سەرچاوەی کردووەتە پێوەر و سەپاندوویەتی بەسەر تایبەتمەندییە زمانییەکانی زمانی ئامانجدا، تەنانەت ئەگەر هەڵە لە زمانی سەرچاوەدا ڕوویدابێت، هەمان هەڵە لە زمانی ئامانجدا دووبارەدەکاتەوە.

**3-2/2) هەڵەی واتایی (فەرهەنگی):**

کۆی گشتی هەڵەکان (بە دووبارەکانیشەوە): دەقی یەکەم بریتییە لە (٢٣) هەڵە و دەقی دووەم بریتییە لە (١٠) هەڵە. هەڵە واتاییەکان (بەپێی مشتەی وەرگیراو) خۆی لە چەند جۆرێکدا دەبینێتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە 3،4):

1. هاوتانەبوونی واتا و چەمکی وشە وەرگێڕدراوەکان، وەك:

- (Syllable) : بزوێن، (Utterance): گوتنەوە، (combination): پێکەوەگرتن، (This gets even tricker): ئەمەش هێندەی تر فێڵبازتر دەبێت، ...

2. هاوتایی ڕوویداوە، بەڵام لە دەقە وەرگێڕدراوەکەدا، وشەی بیانی لەبری وشەی کوردیی خۆماڵی بەکارهێنراوە، وەك:

- (Describe): وەسفکردن، (processes): پرۆسە، (Meaning): مانا، (exceptions): ئیستسنا، (Roof): سەقف، ...

3. لە دەقە وەرگێڕدراوەکەدا، وشەی کوردی بەکارهێنراوە، بەڵام:

ا. دەکرێت وشەی گونجاوتری بۆ دابنێین، وەك لە خاڵی (1، 4، 12، 18)ی خشتەی ژمارە (3)دا دەبینرێت.

ب. یاخود وشەکە بۆ ئەو دەوروبەرە زمانییە گونجاو نییە، چونکە زاراوەی زانستین و لە پسپۆری و بوارێکی تایبەتدا بۆ گەیاندنی چەمکێکی دیاریکراو جێگیربوون، بۆیە ناکرێت وەرگێڕانی (وشەبەوشە)ی بۆ ئەنجامبدرێت، وەك لە خاڵی (6، 10، 11)ی خشتەی ژمارە (3) و خاڵی (5)ی خشتەی ژمارە (4)دا دەبینرێت.

هەر سەبارەت بە زاراوە زانستییەکان، وەرگێڕانی گوگڵ نەیتوانیوە زۆرینەی زاراوەکان بناسێتەوە و زاراوەی هاوتای بۆ دابنێت، لەم توێژینەوەیەدا (وەك لە وشەکانی دەقی یەکەم و دووەمدا دەردەکەوێت)، زاراوە زانستییەکانی بواری زمانەوانی بە نموونە وەرگیراوە و ئەو ڕاستییە خراوەتەڕوو، بە وێنە ئەگەر بە گشتی لە زاراوەی وەرگێڕدراوی (دوو زمانەوانی) بڕوانین، ئەوا دەکرێت بڵێین زاراوەیەکی هەڵەیە و پێویستە بە زاراوەی (جووتزمانی) ڕاستبکرێتەوە، بەڵام ئەگەر لێی وردببینەوە، سێ هەڵە بەدیدەکرێت: (1) (هەردوو بەشی زاراوەکە بە جیا نووسراوە، وەك لە هەڵەی ڕێنووسدا ئاماژەی پێکرا). (2) بەشی دووەمی زاراوەکە (زمانەوانی) هەڵەیە و (زمانی) ڕاستە. (3) (جووتزمانی) وەك زاراوەیەکی زانستی، تا

sjh@univsul.edu.iq

ڕادەیەکی باش لە فەرهەنگی زمانەوانیی کوردیدا جێی خۆی کردووەتەوە و چەسپیوە. هەروەها وەرگێرانی (Phrase) بە (دەستەواژە) هەڵەیە، چونکە لە بەرانبەردا زاراوەی (فریز) جێگەی گرتووەتەوە و لە سەرجەم ناوەندە ئەکادیمییەکان و نووسینە زانستییەکاندا جێگیربووە و ڕۆیشتووە، لە کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەییشدا (پۆلەکانی 7-12) زاراوەی "گرێ" لەبری "فریز" بەکاردەهێنرێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك "دەستەواژە" بەکارنەهاتووە. ئەوەشمان بیرنەچێت، کە هەڵسەنگاندنمان بۆ واتای وشە و دەربڕینەکان پەیوەستە بەو دەوروبەرەی تێیدا بەکارهاتووە، ئەگەرنا دەکرێت لە هەندێك دەوروبەر و بارودۆخدا (Phrase) واتای (دەستەواژە) بگەیەنێت، هەروەها زاراوەی (comprehension)یش بە هەمانشێوە دەکرێت لە چوارچێوەی تردا واتای (تێگەیشتن، تێگەیاندن، ...) بگەیەنێت، بەڵام لەو دەوروبەرەدا تەنها واتای (وەرگرتن)ی بۆ دەگونجێت (بڕوانە خاڵی ٢ ، ٧ ی خشتەی ژمارە ٣)، ... . بەکورتی دەمانەوێت بڵێین وەرگێرانی گوگڵ نەیتوانیوە واتای وشەکان بەپێی دەوروبەر و بوارە جیاوازەکان بناسێتەوە و پەسەندییکات.

| ز | بە زمانی ئینگلیزی | هەڵەی وەرگێران | ڕاستکردنەوە |
|---|---|---|---|
| .1 | representation of language | نوێنەرایەتی زمان | نواندنی زمان |
| .2 | in language comprehension and understanding | لە تێگەیشتن و تێگەیشتنی زماندا | لە وەرگرتن و تێگەیشتنی زماندا |
| .3 | Describe | وەسف بکرێت | پەسنبکرێت |
| .4 | Processes | پرۆسە | پێواژۆ |
| .5 | it is analyzed | شیکاری دەکرێت | شیدەکرێتەوە |
| .6 | Meaning | مانا (3×) | واتا |
| .7 | Phrases | دەستەواژە | فریز/ گرێ |
| .8 | Combination | پێکەوەگرتن | پێکەوەگرێدان/ خستنەسەریەك |
| .9 | Semantics | ماناسازی | واتاسازی/واتاناسی |
| .10 | Utterance | گوتنەوە | گوتن/ وتە/ دەربڕین |
| .11 | speech Acts | کردەوەی قسەکردن | کردە ئاخاوتنییەکان/قسەییەکان |
| .12 | Plurals | فرە | کۆکردنەوە/ فۆرمی کۆ |
| .13 | Consider | لەبەرچاو بگرن | ڕەچاوبکەن |
| .14 | This gets even tricker | ئەمەش هێندەی تر فێڵبازتر دەبێت | ئەمەش هێندەی تر ئاڵۆزتر دەبێت |
| .15 | Roof | سەقف (2×) | میچ |
| .16 | Pattern | نەخش | تەرز/ جۆر |
| .17 | Syllables | بزوێنەکان (2×) | برگەکان |
| .18 | a few exceptions | بە چەند ئیستسنایەک | چەند (بەدەرکردن/هەڵاوێرد)ێکی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | کەم... |
| .19 | the structuring of words | پێکهاتەکردنی وشەکان | دارِشتن/ دروستکردنی وشەکان |

خشتەی ژمارە (3) هەڵە واتاییەکان "فەرهەنگی" لە دەقی یەکەمدا

دەقی دووەمیش هاوشێوەی هەڵەکانی دەقی یەکەم، چەند جۆرێك هەڵەی هەیە، تەنها ئەوە نەبێت، کە لە دەقی دووەمدا هەڵەی کەمتر ڕوویداوە، ئەمەش بۆ جۆری دەقەکان دەگەڕێتەوە (دەقی یەکەم بابەتێکی زانستییە و دەقی دووەم بابەتێکی پەروەردەیی گشتییە)، چونکە دەقە زانستییەکان زیاتر ئاڵۆزن و ئەگەری هەڵەکردن تێیدا زیاترە، بەراورد بە بابەت و باسە گشتییەکان، کە وەرگێرانی گوگڵ توانیویەتی سەرکەوتنێکی باشی تێدا بەدەستبهێنێت (بڕوانە نەخشەی ژمارە 4).

| ز | بە زمانی ئینگلیزی | هەڵەی وەرگێران | ڕاستکردنەوە |
|---|---|---|---|
| .1 | Parents | دایک و باوکان (3×) | دایکوباوکان/ دایبابان |
| .2 | what is the best age to | باشترین تەمەن چییە بۆ...؟ | باشترین تەمەن چەندە بۆ...؟ |
| .3 | Inconclusive | بێ ئەنجام | بێ دەرئەنجام |
| .4 | Serious | جددی (2×) | شێلگیر/ جدی |
| .5 | Bilingualism | دوو زمانەوانی (2×) | جووتزمانی |
| .6 | the critical age[2] | تەمەنی گرینگ | تەمەنی هەستیار/ناسك |

خشتەی ژمارە (4) هەڵە واتاییەکان "فەرهەنگی" لە دەقی دووەمدا

**3-2/2) هەڵەی ڕێزمانی:**

بە شێوەیەکی گشتی هەڵە ڕێزمانییەکان (بەپێی مشتەی توێژینەوەکە) دوو جۆرن، یاخود لە دوو ئاستدا ڕوودەدەن:

**1-3-2/2) هەڵەکانی دروستەی فرێز:**

چەند جۆرێکی هەڵە دەگرێتەوە، یەکێك لە دیارترین هەڵەکانیش کرتاندنی مۆرفیمی (ی)ی خستنەسەر، کاتێك دیارخراو بە پیتی (ی) کۆتایی هاتبێت، وەك:

دەقی یەکەم: (representation of language): نوێنەرایەتی زمان، (concerned with the sounds themselves): پەیوەندی بە خودی دەنگەکانەوە هەیە (بڕوانە خشتەی ژمارە 5).

دەقی دووەم: (concern to Vietnamese parents): نیگەرانی دایك و باوکانی ڤێتنامی، (teaching quality): کوالیتیی وانەوتنەوە، (difference between...): جیاوازی نێوان (بڕوانە خشتەی ژمارە 6).

---

[2]- ئەم زاراوەیە بۆ ئەو گریمانەیە دەگەڕێتەوە، کە بە ((Critical Period Hypothesis (CPH)) ناسراوە، ئەم گریمانەیە کە بۆ یەکەمجار لەلایەن (Eric Lenneberg) لە ساڵی (1967) پێشنیازکراوە، پێیوایە منداڵ ماوەیەکی دیاریکراوی بایۆلۆژیی هەیە، کە لەم تەمەنە/ماوەیەدا فێربوونی زمان بە کاراترین شێوە ڕوودەدات و منداڵان دەتوانن لەو ماوەیەدا وەك ئاخێوەری بنەڕەت بە شێوەیەکی سروشتی و تەواو زمانێکی تر بەدەستبهێنن. پاش ئەو ماوەیە فێربوونی زمانی دووەم (هاوشێوەی زمانی دایکی) ئەستەم دەبێت. ئەم گریمانەیە بە تەواوی نەچەسپاوە و بە چەندین توێژینەوەی زانستی پێچەوانەکەی سەلمێنراوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

- https://www.sciencedirect.com/topics/psychology/critical-period-hypothesis

sjh@univsul.edu.iq

هەر سەبارەت بە دەقی یەکەم، سێ فریز، کە مۆرفیمی کۆیان وەرگرتووە (Boats, Bags, Wishes)، لە دەقە وەرگێردراوەکەدا وەك فریزێکی سادەی کۆنەکراو هەژمارکراون (بەلەم، جانتا، ئاوات).

لە (خاڵی 6- خشتەی ژمارە 5)دا بەهۆی بەکارهێنانی دوو فۆرمی هەڵگری چەمکی (بەراورد/ زیاتر) لە یەك ڕستەدا، هەڵەی ڕێزمانی ڕوویداوە، بە خستنەڕووی چەند نموونەیەکی هاوشێوە، ئەو ڕاستییە زیاتر ڕووندەبێتەوە:

- بابەتەکە زیاتر ڕوونتر بکەرەوە*
- گوڵەکە هێندەی تر جوانتر بووە*

لە ڕستەیەکی وادا پێویستە فریزی هاوەڵناوی (هێندەی تر)، یان مۆرفیمی (تر) لە " ئاڵۆزتر"دا لاببرێت، چونکە هەردووکیان یەك واتا (تر/ زیاتر) دەگەیەنن و یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردیش ڕێگە بەو دروستانەی فریز نادەن.

لە (خاڵی 7- خشتەی ژمارە 5)یشدا بە هەمانشێوە یاساکانی ڕێزمانی کوردی ڕەچاونەکراوە، چونکە "چەند" لە زمانی کوردیدا چەند واتایەکی هەیە و لەم دەقە وەرگێردراوەدا بە واتای "کەم" بەرانبەر بە (a few) هاتووە، بەڵام گرفتی لێڵی و ناڕوونی واتایی لێکەوتووەتەوە، چونکە ناکرێت (چەند) وەك دانەیەکی سەربەخۆی فەرهەنگیی هاوواتای (کەم) ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو دەبێت هەردوو کەرەستەکە [چەند .... کەم] لەگەڵ یەکتردا واتاکە تەواوبکەن، وەك لە نموونەی خوارەوە دەردەکەوێت:

- چەند هەڵاوێردێکی کەم...

یان دەوروبەرێکی ڕێزمانی و واتایی گونجاو برەخسێت، تاکو وشەی "چەند" وەك هاوواتای "کەم" جێگیربکرێت، وەك: [چەند ......ێك نەبێت]، وەك لە نموونەی خوارەوە دەردەکەوێت:

- چەند هەڵاوێردێك نەبێت...، چەند کەسێك نەبێت...، ...

لە (خاڵی 8- خشتەی ژمارە 5)دا نیشانەی کۆ بە هەڵە بەکارهێنراوە، هەرچەندە لە دەقە ئینگلیزییەکەشدا فۆرمەکە کۆیە (units)، بەڵام لە دەقە کوردییەکەدا نیشانەی کۆکردنەوە خراوەتەسەر فۆرمی (هەڵگر)، نەك (مانا)، ئەمەش واتای ڕستەکەی ئاڵۆز و ناڕوون کردووە.

| ز | بە زمانی ئینگلیزی | هەڵەی وەرگێڕان | ڕاستکردنەوە |
|---|---|---|---|
| .1 | representation of language | نوێنەرایەتی زمان | نوێنەرایەتیی زمان/ نواندنی زمان |
| .2 | concerned with the sounds themselves | پەیوەندی بە خودی دەنگەکانەوە هەیە (2×) | پەیوەندیی بە ... |
| .3 | Boats | بەلەم | بەلەمەکان |
| .4 | Bags | جانتا | جانتاکان |
| .5 | Wishes | ئاوات | ئاواتەکان |
| .6 | This gets even tricker | ئەمەش هێندەی تر فێڵبازتر دەبێت | ئەمەش هێندەی تر ئاڵۆز دەبێت |

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | |
|---|---|---|---|
| .7 | a few exceptions | بە چەند ئیستسنایەک | چەند هەڵاوێردێکی کەم... |
| .8 | identify meaning-bearing units smaller than words… | یەکە هەڵگرەکانی مانا بچووکتر لە وشەکان دەستنیشان بکەین. | یەکەکانی -هەڵگری واتای بچووکتر لە وشەکان- دەستنیشانبکەین |

خشتەی ژمارە (5) هەڵە ڕێزمانییەکان لە دەقی یەکەمدا

لە دەقی دووەمیشدا دوو هەڵەی هاوشێوە بەهۆی گرفتی ڕیزکردنی کەرستەکانی فریزەوە ڕوویداوە، لە خاڵی (2)دا فۆرمی (زۆر) دەرخەری ڕادەی فریزی هاوەڵناویی (نیگەرانی)یە و لە ڕێزمانی کوردیدا پێویستە لە ڕیزبەندیی دروستەی فریزەکەدا پێکەوە بن، وەك لە دەقە ئینگلیزییەکەشدا هاتووە: (great concern) (بڕوانە: خاڵی (2)ی خشتەی ژمارە 6)، بەڵام لە وەرگێرانە کوردییەکەدا فۆرمی (زۆر) وەك "بەشەکردار" خراوەتە کۆتایی ڕستەوە. نموونەی خاڵی (5)یش بە هەمانشێوە هەڵە لە ڕیزبەندیی فریزەکەدا ڕوویداوە (بڕوانە: خاڵی (5)ی خشتەی ژمارە 6).

| ز | بە زمانی ئینگلیزی | هەڵەی وەرگێران | ڕاستکردنەوە |
|---|---|---|---|
| .1 | concern to Vietnamese parents | نیگەرانی دایک و باوکانی ڤێتنامی | نیگەرانیی دایك و... |
| .2 | great concern to Vietnamese parents | نیگەرانی دایک و باوکانی ڤێتنامیی زۆرە | نیگەرانییەکی زۆری دایکوباوکانی ڤێتنامییە |
| .3 | teaching quality | کوالیتی وانەوتنەوە | جۆرێتی/کوالیتیی وانەوتنەوە |
| .4 | difference between… | جیاوازی نێوان | جیاوازیی نێوان |
| .5 | an English-speaking father | باوکێکی ئینگلیزی قسەکەر | باوکێکی قسەکەری ئینگلیزی-زمان |

خشتەی ژمارە (6) هەڵە ڕێزمانییەکان لە دەقی دووەمدا

**2-3-2/2) هەڵەی ڕیزکردنی کەرستەکانی ڕستە:**

بابەتی پێشوو باسی هەڵەی ڕیزکردنی فریزی فراوانکراوەمان کرد، بۆیە لەم باسەدا تەنها لە هەڵەی ڕیزکردنی کەرستەکان (فریزەکان) لە بۆتەی ڕستەکاندا دەکۆڵینەوە.

وەك زانیارییەکی سەرەتایی، ڕیزبوونی کەرستە سەرەکییەکانی ڕستە لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردیدا لە بنەڕەتەوە جیاوازن، لە کوردیدا یاساکە بەم شێوەیە: (بکەر + بەرکار + کردار) (S.O.V)، واتە بەگشتی کردار دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، بەڵام لە ئینگلیزیدا بەم شێوەیە: (بکەر + کردار + بەرکار) (S.V.O)، بۆیە هەڵەکان زیاتر لە جێکەوتەی "کردار"دا ڕوودەدەن. پاش وردبوونەوە و پشکنینی هەردوو دەقی (یەکەم، دووەم)، ڕادەی هەڵەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

دەقی یەکەم: لە کۆی (4) هەڵە، تەنها یەك هەڵەیان بەهۆی هێنانەپێشەوەی کردارەوە نەبووە، وەك لە خاڵی (4)ی خوارەوەدا دەبینرێت، خاڵی (3،2،1) وەك لە نموونەکانەوە دیارە، هەموویان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمانی سەرچاوە/ئینگلیزییەوە و بە شێوەی (S.V.O) ڕیزکراون، هەرچەندە ئەمە کەموکورتییەکی وەرگێرانی گوگڵە و پێویستە چارەسەری گونجاوی بۆ بکرێت، بەڵام هیچ لە بەها و بایەخی تۆڕەکە کەمناکاتەوە، لەبەرئەوەی:

ا- لە دەقی یەکەمدا (24) کردار هەیە، تەنها (3) کردار لە جێکەوتەی خۆیدا نییە.

ب- جێگۆڕکیی ئەو (3) کردارە و پێشخستنیان، واتای ڕستەکەی نەشێواندووە، یاخود تەمومژ و ناڕوونی نەکردووە (بڕوانە: خاڵی: 3،2،1).

1. دەتوانرێت شیبکرێنەوە بۆ پرۆسەی سادەتر... (دەتوانرێت بۆ پرۆسەی سادەتر شیبکرێتەوە)
2. شیکاری دەکرێت بۆ فۆنیمەکان... (بۆ فۆنیمەکان شیدەکرێتەوە)
3. زنجیرەی فۆنێم شی دەکرێتەوە بۆ مۆرفیم... (زنجیرەی فۆنیم بۆ مۆرفیم شیدەکرێتەوە)
4. تەنها بەرهەمهێنانی وشەکان بە هەر شێوازێکی کۆن ئەوەندە باش نییە بە گشتی (بەگشتی تەنها بەکارهێنانی وشەکان بە هەر شێوازێکی کۆن، ئەوەندە باش نییە).

لە خاڵی (4)دا گرفت لە شوێنی دەستەواژەی (بەگشتی)دا هەیە، کە بەرانبەر بە (in general)ی ئینگلیزی بەکارهاتووە، لە هەردوو دەقەکەدا کەوتوونەتە کۆتایی ڕستەکەوە، ئەمەش لە ڕێزمانی ئینگلیزیدا ڕێگەپێدراوە، بەڵام بۆ زمانی کوردی ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمهێناوە.

دەقی دووەم: هاوشێوەی دەقی یەکەم چەند هەڵەیەکی کەمی هێنانەپێشەوەی شوێنی "کردار" ڕوویداوە، ئەمەش کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ناوەڕۆك و واتای ڕستەکان نەبووە، وەك لە خوارەوە دەیخەینەڕوو:

1. بۆ منداڵانی ڤێتنام، باشترین تەمەن چییە بۆ دەستپێکردنی فێربوونی زمانی بیانی؟
2. هەست ناکەم یەک شێوازی دروست هەبێت بۆ فێرکردنی زمانی بیانی بە منداڵان.
3. ئەوان تەواو ئاسوودە دەردەکەون لە بەکارهێنان و تێگەیشتن لە هەردوو زمانی ڤێتنامی و ئینگلیزی.

سەرەڕای ئەوانەش، تەنها لە دەقی دووەمدا (جگە لەو سێ ڕستەیەی سەرەوە)، هەموو کردارەکانی تر (کە ژمارەیان 30 کردارە) بە دروستی و لە جێکەوتەی خۆیاندا بەکارهاتوون، ئەمەش سەرکەوتنی وەرگێڕانی گوگڵ لە بواری ڕێزماندا (بەتایبەتی لە ڕیزکردنی کەرەستەکاندا) تا ڕادەیەکی باش دەسەلمێنێت.

**3/2) ڕاستاندنی شیکردنەوەی دەرئەنجامەکان:**


پاش شیکردنەوەی زمانی بۆ هەردوو دەقی مشتەی توێژینەوەکە و سەلماندنی ئەوەی، کە وەرگێڕانی گوگڵ (لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندی و واتا/ فەرهەنگ و ڕێزمانەوە) تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی بە ڕوونی دەقە وەرگێڕدراوە کوردییەکان لە زمانی ئینگلیزییەوە بەرهەمبهێنێت (سەرەڕای هەندێك هەڵە و کەموکورتی)، بۆ پشتڕاستکردنەوە و سەلماندنی زیاتری دەرئەنجامەکان، ڕاپرسییەکمان ئەنجامداوە.

بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ژمارەیان (32) بەشداربووە و تەنها مامۆستایان و فێرخوازانی (بەشی کوردی کۆلێجی پەروەردە و کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی گەرمیان) وەرگیراون، چونکە بابەتەکەمان زیاتر پسپۆریی بەشی کوردییە و ڕەنگە ئەوان زیاتر درك بە هەڵە و کەموکورتییەکان بکەن و هەڵسەنگاندنی دروست بۆ لایەنی زمانیی دەقەکان بکەن.


لە ڕاپرسییەکەدا داوا لە بەشداربووان کراوە، کە هەردوو دەقەکە بە وردی بخوێننەوە، پاشان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، کە لە خوارەوە دەیخەینەڕوو:

پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە:


1. بەگشتی تا چەند واتا و پەیام و دەربڕینەکانی دەقی (**یەکەم/دووەم**) ڕوونن و دەتوانیت لێی تێبگەیت؟




2. دەقی (**یەکەم/ دووەم**) لە ڕووی واتای وشە و دەستەواژەکانەوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت، ئایا واتاکەی ڕوونە؟ وا هەستدەکەیت وشەکان بۆ هەمان واتای بنەڕەتیی خۆیان بەکارهاتوون؟




3. دەقی (**یەکەم/ دووەم**) لە ڕووی ڕێزمانەوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟




شیکاری ڕاپرسییەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**پرسیاری دووەم:** لە ڕاپرسییەکەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەشداربووان بە ئاسانی لە واتا و پەیامی گشتیی دەقەکان تێگەیشتوون، بەجۆرێك:

لە دەقی یەکەمدا تەنها (9.4%)ی بەشداربووان بژاردەی (ت. کەمێك ڕوونن)ی هەڵبژاردووە، ڕێژەی (90.6%)ی بەشداربووان وایدەبینن، کە واتای دەقەکان (زۆر 12.5%، تا ڕادەیەکی باش 43.8%، هەندێك 34.4%) ڕوونن.

لە دەقی دووەمدا تەنها (9.4%)ی بەشداربووان بژاردەی (ت. کەمێك ڕوونن)ی هەڵبژاردووە، ڕێژەی (90.6%)ی بەشداربووان وایدەبینن، کە واتای دەقەکان (زۆر 43.8%، تا ڕادەیەکی باش 34.4%، هەندێك 12.5%) ڕوونن.

بەپێی پرسیاری یەکەمی ڕاپرسییەکە دوو خاڵی گرنگ جێی سەرنجە: (1) هیچ یەك لە بەشداربووان لە دەقی (یەکەم و دووەم)یشدا بژاردەی (ج. هیچ ڕوون نین)ی هەڵنەبژاردووە. (2) دەقی دووەم بەلای بەشداربووانەوە زۆر لە دەقی یەکەم ڕوونترە.

**پرسیاری دووەم:** لە ڕاپرسییەکەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەشداربووان بە ئاسانی لە واتای فەرهەنگیی وشە و دەربڕینەکان تێگەیشتوون، بەجۆرێك:

لە دەقی یەکەمدا تەنها (15.6%)ی بەشداربووان بژاردەی (پ. زۆر ڕوون نین، ت. هیچ ڕوون نین و...)یان هەڵبژاردووە، ڕێژەی (84.4%)ی بەشداربووان وایدەبینن، کە واتای وشە و دەستەواژەکان (زۆر 12.5%، تا ڕادەیەك 71.9%) ڕوونن.

لە دەقی دووەمدا تەنها (6.3%)ی بەشداربووان بژاردەی (پ. زۆر ڕوون نین)یان هەڵبژاردووە، ڕێژەی (93.7%)ی بەشداربووان وایدەبینن، کە واتای وشە و دەستەواژەکان (زۆر 40.6%، تا ڕادەیەك 53.1%) ڕوونن.

بەپێی پرسیاری دووەمی ڕاپرسییەکە دوو خاڵی گرنگ جێی سەرنجە: (1) هیچ یەك لە بەشداربووان لە دەقی (دووەم)دا بژاردەی (ج. هیچ ڕوون نین)ی هەڵنەبژاردووە. لەدەقی یەکەمیشدا تەنها یەك بەشداربوو بژاردەی (ج)ی هەڵبژاردووە. (2) دەقی دووەم بەلای بەشداربووانەوە زۆر لە دەقی یەکەم ڕوونترە، وەك لە ڕێژەکانەوە ڕوونکرایەوە.

**پرسیاری سێیەم:** لە ڕاپرسییەکەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەشداربووان گرفتێکی ئەوتۆیان لەگەڵ لایەنی ڕێزمانیی دەقەکاندا نەبووە و پێکهاتەی وشەسازی و ڕستەسازیی دەقەکانیان بەلاوە پەسەندبووە، بەجۆرێك:

لە دەقی یەکەمدا زۆرینەی بەشداربووان (75.1%) بژاردەی (پ. زۆر باشە 43.8%، ب. تا ڕادەیەك باشە 31.3%)یان هەڵبژاردووە، تەنها ڕێژەی (25%)ی بەشداربووان (پ. کەمێك باشە)یان هەڵبژاردووە.

لە دەقی دووەمدا زۆرینەی بەشداربووان (90.7%) بژاردەی (ا. زۆر باشە 46.9%، ب. تا ڕادەیەك باشە 43.8%)یان هەڵبژاردووە، تەنها ڕێژەی (9.3%)ی بەشداربووان (پ. کەمێك باشە 6.3%، ت. هیچ باش نییە 3.1%)یان هەڵبژاردووە (واتە بە دیاریکراوی تەنها (3) بەشداربوو).

بەپێی پرسیاری سێیەمی ڕاپرسییەکە دوو خاڵی گرنگ جێی سەرنجە: (1) هیچ یەك لە بەشداربووان لە دەقی (یەکەم)دا بژاردەی (ت. هیچ باش نییە)یان هەڵنەبژاردووە. لەدەقی دووەمیشدا تەنها یەك بەشداربوو بژاردەی (ت)ی هەڵبژاردووە و دوو بەشداربوویش بژاردەی (پ)یان پەسەندکردووە. (2) بەپێی ئەو ڕێژانەی لە چارتەکانەوە ڕوونکرایەوە، لایەنی ڕێزمانیی دەقی دووەم بەلای بەشداربووانەوە زۆر لە دەقی یەکەم گونجاو و تەواوترە.

دەرئەنجامی ڕاپرسییەکە جەختکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی زیاتری دەرئەنجام و شیکارییەکانی توێژەری سەلماند. جەختی لە دەرئەنجامیکی تریش کردەوە و زیاتر ئەوەی بۆ سەلماندین، کە دەقی بواری زانستی بەراورد بە دەقی بواری گشتی، ئاڵۆزترە

و ئەگەری ڕوودانی هەڵە و کەموکورتی تێیدا زیاترە، ئەمەش بە بەراوردکردنێکی وەڵامی بەشداربووان (بڕوانە چارتەکان (1،2،3) بۆ هەردوو دەقەکە بە ڕوونی دەردەکەوێت.

**ئەنجام:**

بە بەکارهێنانی دوو میتۆدی: (1) شیکاری مشتەی توێژینەوە و (2) ڕاپرسی، گەیشتینە چەند ئەنجامێك:

1. دەقی وەرگێردراوی ئامێری "لە هەر زمانێکدا بێت" سۆفتوێرێکی یارمەتیدەرە بۆ وەرگێڕان و کارەکان خێراتر دەکات و زانیاریی گرنگ دەخاتەبەردەست، بەڵام پێویستی بە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن و چاککردنەوە هەیە.
2. هەرچەندە تەمەنی زمانی کوردی (سۆرانی) لە وەرگێڕانی گوگڵدا کەمتر لە (3) ساڵە (2022/5/11)، بەڵام هاوتای زمانەکانی تری ناو تۆڕەکە توانیویەتی سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستبهێنێت، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی دەقی بوارە گشتییەکاندا.
3. ڕێژەی هەڵە و کەموکورتییەکانی وەرگێڕانی (ئینگلیزی-کوردیی سۆرانی) بەراورد بە زمانەکانی تر هێندە کەمە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر واتای ڕستە و دەربڕینەکان نەبوو، ئەمەش مژدە و ئەنجامێکی دڵخۆشکەرە بۆ کوردزمانان.
4. وەرگێڕانی (ئینگلیزی-کوردیی سۆرانی)، وەك هەر وەرگێڕانێکی تری زمانە جیاوازەکان پێویستیی بە پێواژۆی دەستکاریکردنی پێشوەختە و دەستکاریکردنی پاش وەرگێڕان هەیە، بەمەش دەتوانرێت زۆرینەی گرفتەکان چارەسەربکرێت و ئەنجامێکی باشتر بەدەستبهێنرێت.
5. شیکردنەوە و پشکنینی زمانیی وەرگێڕانی گوگڵ (ئینگلیزی – کوردیی سۆرانی) لەم توێژینەوەیەدا سەلمێنەری ئەوەن، کە وەرگێڕانی گوگڵ بە تەواوی زمانی سەرچاوە/ ئینگلیزیی کردووەتە پێوەر و سەپاندوویەتی بەسەر تایبەتمەندییە زمانییەکانی زمانی ئامانج/ کوردیدا، تەنانەت ئەگەر هەڵە لە زمانی سەرچاوەدا ڕوویدابێت، هەمان هەڵە لە زمانی ئامانجدا دووبارەکراوەتەوە. ئەم لایەنە پێویستی بە چارەسەری گونجاو هەیە.
6. لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەڵە و کەموکورتییە زمانییانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکراوە، وا دەردەکەوێت، کە پێش ئەوەی زمانی کوردی بخرێتە ناو سیستەمی سۆفتوێری وەرگێڕانی گوگڵەوە، لە لایەن پسپۆڕان و شارەزایانی زمانی کوردییەوە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی بۆ ئەنجامنەدراوە، ئەگەر پێداچوونەوەش کرابێت وەك پێویست نەبووە.

**پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:**

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی کارەکی لێکۆڵینەوەی لەبارەی ڕەوش و دۆخی زمانی کوردی لە وەرگێڕانی گوگڵدا ئەنجامداوە، بۆیە ئومێدەوارین تەنها لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا نەمێنێتەوە، بەڵکو ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەم ڕوانگەیەوە چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەك ئاراستەی سەرجەم هاوزمانان بەگشتی و لایەنی پەیوەندیدار بەتایبەتی دەکەین:

1. چارەسەرکردنی هەڵە و کەموکورتییەکانی زمانی کوردی (وەك زمانێکی دیجیتاڵی) لە بواری تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت سوود و بەهایەکی هەمەلایەن و فرەڕەهەندی بۆ هاوزمانان و فێرخوازان و پسپۆڕان و زانستخوازان و ... هەیە، لە چەند ڕوویەکەوە:
- چارەسەرکردنی گرفتی فرەزاراوەیی و هاوواتایی و ... و یەکخستنی وشە و زاراوە گشتی و زانستییەکان.
- یەکخستنی ڕێنووس و خاڵبەندیی کوردی.
- دوورکەوتنەوە لە وشە و زاراوە و دەربڕینە بیانییە ناپێویستەکان، کە هاوکات بەرانبەرە بە بەکارهێنان و زیندووکردنەوەی وشە و دەربڕینە کوردییە ڕەسەنەکان.
- لە هەمووی گرنگتر، هەنگاوەکانی پێشوو دەرفەتێکی مەزنە بۆ پتەوکردن و چالاکترکردنی زمانی کوردی و ئاسانکاری و دەروازەیەکی بەهێزیشە لە پێواژۆی گشتاندن و ستانداردکردنی زمانی کوردیدا.
2. چالاکبوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دنیای تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، هۆکارێکی سەرەکیی مانەوە و پارێزگارییە لە شوناسی نەتەوەیی کورد و هێزێکی باڵایە بەرووی ئاڵنگارییەکانی شۆڕشی تەکنەلۆژیی زمانە باڵادەستەکاندا.
3. وەرگێڕانی ئامێری بەگشتی و وەرگێڕانی گوگڵ بەتایبەتی لە کوردستاندا بوارێکی بایەخپێنەدراوی لێکۆڵینەوەیە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر زیاتر هەیە. ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕەنگە یارمەتی شارەزایان بدات، بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان و پێشخستنی جۆرێتیی وەرگێڕانی (ئینگلیزی – کوردیی سۆرانی).

**سەرچاوەکان:**


**1. بە زمانی کوردی:**

1. ئەحمەد، بێستون حەسەن و عەبدوڵڵا، دلێر قادر، 2023، گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێری- ئیدیەم بە نموونە، خولی (10)، ژمارە (3)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
2. عەبدوڵڵا، دلێر قادر، 2022، گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێری، ماستەرنامە، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

**2. بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Afiliani, A., Tanasale, I.O., & Rijoly, H. M. A., (2024), The Use of Google Translate in the Translation Class at English Education Study Program Pattimura University, Journal of English Language Teaching and Linguistics, 9 (1), 2024, pp. 95-109.
2. Alsalem, Reem, 2019, The Effects of the Use of Google Translate on Translation Students' Learning Outcomes, AWEJ for Translation & Literary Studies, Volume3, Number4. October 2019, pp. 46-60.

3. Amilia, I. K., & Yuwono, D. E., 2020, a study of the translation of google translate: an error analysis of the translation of eliza riley's return to paradise. Lingua: Journal Ilmiah, 16(2), pp. 1–21.
4. Chompurach, Wichuta, 2021, "Please Let me Use Google Translate": Thai EFL Students' Behavior and Attitudes toward Google Translate Use in English Writing, English Language Teaching; Vol. 14, No. 12, Published by Canadian Center of Science and Education, pp. 23-35.
5. Ghasemi, Hadis & Hashemian, Mahmood, 2016, A Comparative Study of Google Translate Translations: An Error Analysis of English-to-Persian and Persian-to-English Translations, Published by Canadian Center of Science and Education, English Language Teaching; Vol. 9, No. 3, pp. 13-17.
6. Hadla, Laith Salman, 2019, machine-translation approaches and its challenges in the 21st century, Literary Endeavour (ISSN 0976-299X): Vol. X: Issue: 5 (October, 2019), pp. 45-58.
7. language learning, Language Learning & Technology, Volume 26, Issue 1, pp. 1–19.
8. Lee, S.-M., 2019, The Impact of Using Machine Translation on EFL Students' Writing, Computer Assisted Language Learning, 33, pp. 157-175.
9. Lehrberger, John & Bourbeau, Laurent, 1988, Machine translation: Linguistic characteristics of MT systems and general methodology of evaluation, JOHN BENJAMINS PUBLISHING COMPANY Amsterdam/Philadelphia.
10. Maulida, H., 2017, Persepsi mahasiswa terhadap penggunaan google translate sebagai media menerjemahkan materi berbahasa Inggris, Jurnal Saintekom, 7(1), pp. 56-66.
11. Sutrisno, Adi., 2020, The Accuracy and Shortcomings of Google Translate Translating English Sentences to Indonesian, Education Quarterly Reviews, Vol.3, No.4, pp. 555-568.
12. Torregrosa, Daniel et al, 2019, Leveraging Rule-Based Machine Translation Knowledge for Under-Resourced Neural Machine Translation Models, European Association for Machine Translation, Dublin, Ireland, pp. 125–133.
13. van Lieshout, C., & Cardoso, W., 2022, Google Translate as a tool for self-directed

14. Vidhayasai, Tya et al, 2015, Investigating the Use of Google Translate in "Terms and Conditions" in an Airline's Official Website: Errors and Implications, PASAA, Vol. 49, pp. 137-169.

15. Wirantaka, Andi, Fijanah, Mahdiana Syahri, 2021, Effective Use of Google Translate in Writing, Advances in Social Science, Education and Humanities Research, volume 626, Published by Atlantis Press SARL.

16. Zulkifli, S. R. M., 2019, A Qualitative Study: The Use of Google Translate among English Education Department Students, Faculty of Language Education, Universitas Muhammadiyah Yogyakarta, Indonesia.

**٣. ماڵپەڕ:**

1. https://www.sciencedirect.com/topics/psychology/critical-period-hypothesis

**المخلص**

من أبرز إنجازات اللغة الكردية في عام (٢٠٢٢) إضافة اللغة الكردية إلى خدمة ترجمة جوجل. ورغم التحسين المستمر، إلا أن جودة الترجمة، كغيرها من اللغات على الإنترنت، لا تخلو من المشاكل. إنها ظاهرة طبيعية في عملية الترجمة، وترتبط مشاكل القواعد، والتنوع اللغوي والثقافي من جهة، والترجمة الآلية من جهة أخرى.

في هذه الدراسة بعنوان (وضع اللغة الكردية في ترجمة جوجل)، وبعد أخذ نصين لغويين (كعينات بحثية)، حاولنا عرض المشاكل اللغوية ونواقص الترجمة (الإنجليزية - الكردية السورانية). تم تحديد المشاكل في كل جانب (الإملاء، علامات الترقيم، المفردات، القواعد) وتم فحصها وتفسيرها.

وأظهرت نتائج الدراسة أن ترجمة (الإنجليزية - الكردية السورانية) (رغم حداثتها) حققت نجاحاً جيداً، ويمكن تصحيح العديد من الأخطاء والمشاكل. وأخيراً تم تقديم التوصيات والمقترحات للحل النسبي لمشاكل الترجمة (إنجليزي – الكردية سورانية) والتي تخدم اللغة الكردية والناطقين بها وتستطيع مواكبة التقدم التكنولوجي والعولمة. وأخيرا، فهو يقربنا من توحيد الكلمات والمصطلحات وتوحيد اللغة الكردية (أي: اللغة المشتركة).

**Abstract**

One of the great achievements of the Kurdish language on 11 /May/ 2022 was the addition of the Kurdish language on Google Translate, although it is constantly being improved, but the quality of the translation still has errors like the other languages on the website, this is a normal

sjh@univsul.edu.iq

phenomenon which is related to translation itself, grammar problems, linguistic, and cultural diversity, on the other hand, the error is related to the machine itself.

After taking two linguistic texts (as research samples) in this research, we have tried to present the linguistic problems of translation (English - Kurdish Sorani). The linguistic problems (Spelling, punctuation, Vocabulary, Culture, and Grammar) have been found and explained in data and rates, recommendations and suggestions presented that Kurdish language has been correctly translated on Google Translate. The errors will be solved soon. The recommendations and suggestions presented for correcting the errors of translation (English - Kurdish Sorani), which serves the Kurdish language, speakers, and to keep pace with the progress of technology and globalization. Finally, it brings us closer to unifying words, terms, and standardizing the Kurdish language.

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژمارە (1)

چەند تێبینییەک لەسەر ئاستەکانی نوێنەرایەتی زمان

ئەو پرۆسانەی(،) کە لە تێگەیشتن و تێگەیشتنی زماندا بەشدارن(،) دەتوانرێت لەڕووی ئاستەکانی پێکهاتەوە وەسف بکرێت: دەنگ، وشە، دەستەواژە، ڕستە. پرۆسەی ئاڵۆزی وەک ئەوانەی(،) کە لە قسەکردندا بەشدارن(،) دەتوانرێت شیبکرێنەوە بۆ پرۆسەی سادەتر.

ڕەنگە وا بیر بکرێتەوە(،) کە زانینی زمان لە یاساکانی دەستکاریکردنی ئاستە جیاوازەکانی پێکهاتە پێکهاتووە.

1. ڕستەیەک دەبیسترێت (یان دەخوێنرێتەوە)(.)
2. شیکاری دەکرێت بۆ فۆنیمەکان (یەکەکانی دەنگ)(،) بۆ نموونە. /n/ /ow/ /f/;
3. زنجیرەی فۆنێم شی دەکرێتەوە بۆ مۆرفیم (یەکەکانی مانا)(،) بۆ نموونە. 'phon-' '-ing' '-ed'؛
4. فەرهەنگێک (lexicon) بەکاردێت بۆ پەیوەستکردنی ئەمانە بە وشەکانەوە؛
5. یاساکانی ڕستەسازی بۆ شیکردنەوەی دەستەواژە و ڕستە بەکاردەهێنرێن؛

فۆنێتیک/فۆنۆلۆژی: ئاستی دەنگەکانی قسەکردن.

مۆرفۆلۆژی: دروستبوونی وشەکان لە بەشەکانیانەوە.

ڕستەسازی: پێکەوەگرتنی وشەکان--ڕێزمان.

sjh@univsul.edu.iq

ماناسازی: مانای وشە و ڕستە و گوتنەوە.

گوتار/پراگماتیک/کردەوەی قسەکردن: پێکهاتەی کۆمەڵە ڕستە، بەکارهێنانی زمان.

فۆنێتیک و فۆنۆلۆژی

فۆنێتیک پەیوەندی بە خودی دەنگەکانەوە هەیە، سێ ڕوانگە:

قسەکردن: چۆن بەرهەمیان دەهێنین؛

فۆنۆلۆژیا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان وشە و دەنگەکانە.

فرەی ئینگلیزی لەبەرچاو بگرن: بەلەم---بەلەم (/s/)، جانتا---جانتا (/z/)، ئاوات---ئاوات (/ez/).

ئەمەش هێندەی تر فێڵبازتر دەبێت: سەقف---سەقفەکان (/roovz/)، ژن---ژنەکان (/waivz/)

مۆرفۆلۆژی

مۆرفۆلۆژیا باس لە ئاستی پێکهاتەی ناوەوەی وشەکە دەکات. نەک هەر سنووردارکردن لەسەر ئەو نەخشانەی دەنگ هەیە(،) کە وشەیەک پێکدەهێنن (نزیکەی هەموو زمانەکان وشەکان لە بزوێنەکانەوە پێکدەهێنن و بە چەند ئیستسنایەک(،) هەموو زمانەکان پێویستیان بە هاوتابوونی یەک بە یەک لە نێوان بزوێن و بزوێنەکاندا هەیە)، بەڵکو دەتوانین یەکە هەڵگرەکانی مانا بچووکتر لە وشەکان دەستنیشان بکەین.

ڕستەسازی

ڕستەسازی ناوی زانستییە بۆ ڕێزمان، پێکهاتەکردنی وشەکان بۆ ڕستە لە زمانێکی دیاریکراودا. تەنها بەرهەمهێنانی وشەکان بە هەر شێوازێکی کۆن ئەوەندە باش نییە بە گشتی، بۆ ئەوەی ببینرێت/ببیسترێت(،) کە زمانێک بە دروستی بەکاربهێنرێت.

**پاشکۆی ژمارە (2)**

فێرکردنی زمانی بیانی بە تایبەتی ئینگلیزی بۆ منداڵان لە تەمەنی باخچەی ساوایاندا پرسێکە(،) کە جێگەی نیگەرانی دایک و باوکانی ڤێتنامیی زۆرە.

- بۆ منداڵانی ڤێتنام، باشترین تەمەن چییە بۆ دەستپێکردنی فێربوونی زمانی بیانی؟

- نیل ڕۆبەرتس: کات و هەوڵ و پارەیەکی زۆر بۆ لێکۆڵینەوە لەم پرسیارە زۆر مشتومڕاوییە خەرج کراوە. بەداخەوە ئەنجامەکان بێ ئەنجامن(،) چونکە نزیکە لە مەحاڵەوە تەمەنی خوێندکاران لە هۆکارە پەیوەندیدارەکانی تر جیا بکرێتەوە، وەک ژینگەی فێربوون، پاڵنەر و کوالیتی وانەوتنەوە.

- کاریگەرترین شێواز بۆ فێرکردنی زمانی بیانی بۆ منداڵان لەم تەمەنە چییە؟

- نیل ڕۆبەرتس: هەست ناکەم یەک شێوازی دروست هەبێت بۆ فێرکردنی زمانی بیانی بە منداڵان.

بۆ منداڵان، مەرج نییە یاریکردن و فێربوونی جددی جیا بکرێتەوە. بەڕاستی منداڵان لە ڕێگەی یاریکردنەوە شتێکی زۆر فێردەبن و پێویستە مامۆستایان و دایک و باوکان ئەم دەرفەتە بۆ یاریکردن وەک بەشێکی زۆر جددی لە هەموو فێربوونێکدا

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. لە یاریکردندا منداڵان دەتوانن ڕۆڵ و زمانی نوێ تاقیبکەنەوە، زۆرجاریش لە شوێنێکی فەرمیتردا لەوە زیاتر ئەنجام بدەن(،) کە توانایان هەیە.

- زۆرینەی دایک و باوکان دەیانەوێت منداڵەکانیان بە زووترین کات فێری زمانی بیانی بن(،) لە کاتێکدا هەندێکی تر دەیانەوێت پێش فێربوونی زمانی بیانی سەرنجیان لەسەر زمانی دایکی خۆیان بێت. دەتوانن بۆچوونی خۆتان لەسەر ئەم بابەتە باس بکەن؟

نیل ڕۆبەرتس: یەکەم: پێموایە پێویستە سەیری جیاوازی نێوان دوو زمانەوانی و فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم بکەین. بۆ نموونە منداڵەکانم باوکێکی ئینگلیزی قسەکەر و دایکێکی ڤێتنامییان هەیە، گەورە بوون و لە ماڵەوە هەردوو زمانەکە دەبیستن. لە ئەنجامدا، ئەوان تەواو ئاسوودە دەردەکەون لە بەکارهێنان و تێگەیشتن لە هەردوو زمانی ڤێتنامی و ئینگلیزی. ئەمە دوو زمانەوانییە.

هەرچەندە بۆچوونەکان جیاوازن، بەڵام زۆربەی لێکۆڵینەوەکان باس لەوە دەکەن(،) کە تەمەنی گرینگ بۆ پەرەپێدانی زمانی دایکی لە نێوان ٢ بۆ ٤ ساڵدایە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**پاشکۆی ژمارە (3) دەقی یەکەمی وەرگێران (15-2-2025) وەرگیراوە**



التعرف التلقائي على اللغة الإنجليزية العربية الفرنسية

Some notes on levels of representation of language
The processes involved in language comprehension and understanding can be described in terms of levels of structure: sounds, words, phrases, sentences. Complex processes such as those involved in speech can be decomposed into simpler ones.
Knowledge of language may be thought to be made up of rules for manipulating different levels of structure.
a sentence is heard (or read)
it is analyzed into phonemes (units of sound) e.g., /f/ /ow/ /n/;
the phoneme sequence is analyzed into morphemes (units of meaning) e.g., 'phon-' '-ing' '-ed';
a dictionary (lexicon) is used to relate these to words;
syntactic rules are used to analyze phrases and sentences;
Phonetics/Phonology: The level of speech sounds.
Morphology: The formation of words from their parts.
Syntax: The combination of words—grammar.
Semantics: The meaning of words, sentences and utterances.
Discourse/Pragmatics/Speech Acts: The structure of collections of sentences, the use of language.
Phonetics and Phonology
Phonetics is concerned with the sounds themselves, three perspectives:
Articulatory: how we produce them;
Phonology is about the relation between words and sounds.
consider English plurals: boat—boats (/s/), bag—bags (/z/), wish—wishes (/ez/).
This gets even tricker: roof—roofs (/roovz/), wife—wives (/waivz/)
morphology
Morphology addresses the level of structure internal to the word. Not only are there restrictions on the patterns of sound which make up a word (almost all languages compose words from syllables, and with a few exceptions all languages require a one-to-one correspondance between syllables and vowels), but we can identify meaning-bearing units smaller than words.
syntax
Syntax is the scientific name for grammar, the structuring of words into sentences in a given language. Just producing words in any old way isn't good enough, in general, to be seen/heard to be using a language correctly.

الكردية (السورانية) العربية الإنجليزية

چەند تێبینییەک لەسەر ئاستەکانی نوێنەرایەتی زمان
ئەو پرۆسانەی کە لە تێگەیشتن و تێگەیشتنی زماندا بەشدارن دەتوانرێت لەڕووی ئاستەکانی پێکهاتەوە وەسف بکرێت: دەنگ، وشە، دەستەواژە، ڕستە. پرۆسەی ئاڵۆزی وەک ئەوانەی کە لە قسەکردندا بەشدارن دەتوانرێت شیبکرێنەوە بۆ پرۆسەی سادەتر.
ڕەنگە وا بیر بکرێتەوە کە زانینی زمان لە یاساکانی دەستکاریکردنی ئاستە جیاوازەکانی پێکهاتە پێکهاتووە.
ڕستەیەک دەبیسترێت (یان دەخوێندرێتەوە)
شیکاری دەکرێت بۆ فۆنیم (یەکەکانی دەنگ) بۆ نموونە، /f/ /ow/ /n/؛
زنجیرەی فۆنیم شی دەکرێتەوە بۆ مۆرفیم (یەکەکانی مانا) بۆ نموونە، 'phon-' '-ing' '-ed'؛
فەرهەنگێک (lexicon) بەکاردێت بۆ پەیوەستکردنی ئەمانە بە وشەکانەوە؛
یاساکانی ڕستەسازی بۆ شیکردنەوەی دەستەواژە و ڕستە بەکاردەهێنرێن؛
فۆنێتیک/فۆنۆلۆژی: ئاستی دەنگەکانی قسەکردن.
مۆرفۆلۆژی: دروستبوونی وشەکان لە بەشەکانیانەوە.
ڕستەسازی: پێکەوەگرتنی وشەکان—ڕێزمان.
مانناسازی: مانای وشە و ڕستە و گوتن.
گوتار/پراگماتیک/ کرداری قسەکردن: پێکهاتەی کۆمەڵە ڕستە، بەکارهێنانی زمان.
فۆنێتیک و فۆنۆلۆژی
فۆنێتیک پەیوەندی بە خودی دەنگەکانەوە هەیە، سێ ڕوانگە: ١.
قسەکردن: چۆن بەرهەمیان دەهێنین؛
فۆنۆلۆژیا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان وشە و دەنگەکانە.
فرەی ئینگلیزی لەبەرچاو بگرن: بەلەم—بەلەم (/s/)، جانتا—جانتا (/z/)، ئاوات—ئاوات (/ez/).
ئەمەش هێندەی تر فێڵبازتر دەبێت: سەقف—سەقفەکان (/roovz/)، ژن—ژنەکان (/waivz/)
مۆرفۆلۆژی
مۆرفۆلۆژیا باس لە ئاستی پێکهاتەی ناوەوەی وشەکە دەکات. نەک هەر سنووردارکردن لەسەر ئەو نەخشانەی دەنگ هەیە کە وشەیەک پێکدەهێنن (نزیکەی هەموو زمانەکان وشەکان لە بڕگەکانەوە پێکدەهێنن و بە چەند ئیستسنایەک هەموو زمانەکان پێویستیان بە هاوتابوونی یەک بە یەک لە نێوان بڕگەکان و بزوێنەکاندا هەیە)، بەڵکو دەتوانین یەکە هەڵگرەکانی مانا بچووکتر لە وشەکان دەستنیشان بکەین.
ڕستەسازی
ڕستەسازی ناوی زانستییە بۆ ڕێزمان، پێکهاتەکردنی وشەکان بۆ ڕستە لە زمانێکی دیاریکراودا. تەنها بەرهەمهێنانی وشە بە هەر شێوازێکی کۆن ئەوەندە باش نییە، بە گشتی، بۆ ئەوەی ببینرێت/ ببیسترێت کە زمانێک بە دروستی بەکاردەهێنێت.

sjh@univsul.edu.iq

**پاشکۆی ژمارە (4) دەقی دووەمی وەرگێڕان (17-2-2025) وەرگێڕاوە**

